# سیستمی پارتایەتی و لەپرۆسەی بونیادی



# ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن
# دیموکراتیدا



# ئەگەر بانگەشەی دیموکراتیبوون بکەیت دەبێت ئەو پارتە سیاسییانە لە ئارادابن کە دەتوانن ببنە بەدیلی پارتی حکومڕان

**(( هەموو ئەو سیاسەتانەی پیادەدەکرێن، سیاسەتی لۆکاڵین. هەر لەم چوارچێوەیەشدا پارتە سیاسییەکان سەرکەتوو دەبن و بەباشترین شێوە ئەرکەکانی سەرشانیان پیادە دەکەن و لە چوارچێوەی نیشتمانیدا دەستنیشانی خەمەکانی هاووڵاتیان دەکەن، پارتە سیاسییەکان لەو روانگەیەوە کە توانای ئەوویان هەیە رۆڵی میانگیر بگێڕن و زەمینەی هاوبەش بۆ پێشنیارەکان دروست بکەن و زەمینەی هاوبەش بۆ پێکگەیشتن و کۆمپرۆمایز دروست بکەن، هاوکاری کۆمەڵگە دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگە یەکگرتوو بێت و پارێزگاری بەیەکگرتوویی خۆیەوە بکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چ دەمەزراوەیەک وەک پارتە سیاسییەکان ( بەهەموو کەموکورتییەکانیەوە) توانای ئەوەی هەیە لەیەک کاتدا بەرگری لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان بکات و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هاووڵاتیانیش**

پارتە سیاسییەکان کە زەمینەی هاوبەش بۆ پێشنیارەکان و پێگەیشتن و کۆمپرۆمایز دروست دەکەن، هاوکاری کۆمەڵگە دەکەن بۆ ئەوەی یەکگرتوو بێت

لەتێکڕای وڵاتانی دیموکراتی و بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کەهێشتا دیموکراتی نەگەیشتۆتە ئاستی کامڵبوون، هەموو کات هەست دەکرێت لەنێوان حزبە سیاسییەکان و هاووڵاتیان جۆرێك لە بۆشایی یان جاری واش هەیە بێمتمانەیی هەستی پێدەکرێت، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو وڵاتانەی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان، ئەرکی حزب گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام نە حزبەکان راشکاوانە تەسلیمی ئەو گۆڕانکاریانە دەبن، نە هاووڵاتیانیش قۆناغی ئێستا لەقۆناغی پێشتر جیادەکەنەوە، پێشتر بۆ ئەو وڵاتانەی هاوشێوەی ئێمەی کورد، حزبە سیاسییەکان ئەرکیان خەباتی رزگاریی نیشتمانی بووە، هەموو کات مامەڵە لەگەڵ حزب بەوجۆرە بووە کە حزب هەڵگری دروشمێکە و دەبێت هەوڵی هەمووان بۆ جێبەجێکردنی ئەو دروشمە بێت کە حزب لە پێناویدا خەبات دەکات، لەدوای قۆناغی رزگاری نیشتمانیش کە حزبە سیاسییەکان رزگاری و ئازادی کۆمەڵگە بەدەسکەوتی خۆیان دەزانن، دیسان ئامانجیان ئەوەیە بە بەرزکردنەوەی دروشمی دیموکراتی و هەنگاو هەڵگرتن

دیموکراتی بوونی نابێت کاتێک حزبی سیاسی بوونی نەبێت، هەر بۆیە کاتێک هاووڵاتیان متمانەیان بە حزبە سیاسییەکان لەق دەبێت، پرۆسەی دیموکراتییەت پەرت دەبێت

بۆ بونیادی دیموکراتی خەڵك وەك قۆناغی رزگاری نیشتمانی گوێڕایەڵی دروشم و فەرمانەکانی حزب بێت و بێ

ستیفن جۆنز بۆ گوڵان:



موناقەشە جێبەجێیان بکات، بەڵام ئەم وەرچەرخانەی کە کۆمەڵگە لەدوای قۆناغی رزگاری نیشتمانی و دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی بەخۆیەوە دەبینێت، ئەرك و وەزیفەیەکی دیکە بۆ حزب لەناو کۆمەڵگە و پرۆسە دیموکراتییەکە دیاری دەکات، کە تاڕادەیەکی زۆر حزبەکان بەئاسانی تەسلیمی ئەو واقیعە نابن و هاووڵاتیانیش لە تێڕوانیان بۆ باکگراوندی حزبەکان لەقۆناغی رزگاری نیشتمانی و بینینیان لەم ئەرکە تازەیەدا، هەست دەکەن جۆرە هاودژییەك دروست دەبێ، دروستبوونی ئەم هاودژیەی نێوان دوو قۆناغی جیاوازیش وەك دیاردەی داکشانی متمانە بە حزبە سیاسییەکان دەردەکەوێت، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر مایکل کۆپیج ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نۆرس داما، لە توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (پارتە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینی: سیاسەتی داروینیزم لە دەیەی رابردوودا) بەمجۆرە پێناسەی ئەم دیاردەی داکشانە دەکات و نووسیویەتی: ((ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، ئایا متمانەی حزبە سیاسییەکان لە داکشاندایە؟ ئەمە وەك ئەوەیە بپرسین ئایا گوێگرانی



**بکات، یان بەپێی ئەو مۆڵەتەی پێدراوە ئاستەنگ بۆ حکومەت دروست بکات؟ ماوەی دوو سەدە زیاترە ئەو ڕاستیە دەرکەوتووە دیموکراتی بوونی نابێت کاتێک حزبی سیاسی بوونی نەبێت، هەر بۆیەشە کاتێک هاووڵاتیان متمانەیان بە حزبە سیاسییەکان لەق دەبێت، پرۆسە دیموکراتیەکە پەرت دەبێت، لەم کاتەدا پێویستە لەسەرمان سیستمی پارتایەتی بە شێوەیەکی قووڵ لەناو کۆمەڵگە دیموکراتیە پێشکەوتووەکاندا بچەسپێنین)).**

**تیب ئۆنیل**

**ئەرکی حزب گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام نەحزبەکان ڕاشکاوانە تەسلیمی ئەو گۆڕانکاریانە دەبن، نە هاووڵاتیانیش قۆناغی ئێستا لەقۆناغی پێشتر جیادەکەنەوە**

**دانیالا ریسنکس بۆ گوڵان:**



# ئەگەر ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆن هەر لە پێناوی ڕەخنەگرتندا بێت و بەس، ئەوا خزمەتێکی ئەوتۆ پێشکەش ناکات

مۆسیقای کلاسیکی لە داشکاندایە؟ ئەمە لەکاتێکدا پارتە سیاسییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا لەرووی سەقامگیری و شەرعیەتەوە لەمۆسیقای کلاسیکی دەچێت، بەڵام دیسان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە لەبەر مۆدیل و ئەرکی حزبە سیاسییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەر بۆیە کاتێك بمانەوێت هۆکاری داکشانی ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان دەستنیشان بکات، پێموایە حزبە سیاسییە هاوچەرخەکان بەستایلی کۆن حکومڕانی دەکەن، هەر بۆیە کاتێك بمانەوێت باسی پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بکەین، ناتوانین لەگەڵ شاکارە موسیقییەکانی بیتهۆڤن و مۆزارت بەراوردیان بکەین، بەڵکو دەبێت لەبەر چەند هۆکارێك لەگەڵ موسیقای پۆپ ( Pop music) بەراوردیان بکەین)). ئەم بەراوردەی مایکل کۆپیج دوو ڕاستی گرنگمان پیشان دەدا:

١- پارتە سیاسییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا هاوشێوەی مۆسیقای کلاسیکی سەقامگیرن، لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە ڕێژەی گوێگرانی شاکارەکانی بتهۆفن و مۆزارت ڕێژەیەکی تا ئاستێك سەقامگیرە و گۆڕانی کەمی بەسەردا دێت، پارتە سیاسییەکانیش لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوا تاراددەیەك ڕێژەی دەنگیان سەقامگیرە و گۆڕانی کەمی بەسەردا دێت، ئەمەش بەو مانایەیە سیستمی پارتایەتی لەو وڵاتانە بەدامەزراوەیی کراوە و لە کۆمەڵگە ڕەگی داکوتاوە.

٢- بەڵام سەبارەت بە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، شێوازی سیستمی پارتایەتی زیاتر لەگەڵ باندە مۆسیقیەکانی پۆپ بەراورد دەکرێت، لەبەر ئەوەی ماوەیەك جەماوەرێکی زۆریان دەبێت و دوای ماوەیەکی کەم ئەو جەماوەریبوونە دێتە خوارەوە، بۆ ئەوەی ئەم ئاراستەیە بەرەو سەقامگیری بڕوات پێویستە سیستمی پارتایەتی بەدامەزراوەیی بکرێت.

## بەدامەزراوەیی کردنی سیستمی پارتایەتی

پارتە سیاسییەکان لە ئۆپۆزسیۆندا بن یان لە حکومەتدا، ئەرکیان پێشخستن و پشتگیری بەهاکانی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئەو بەهایانەیە لەناو خودی حزبەکانی خۆیاندا، کەواتە کاتێك باسی بەدامەزراوەیی کردنی سیستمی پارتایەتی دەکەین، باس لە بوونی فرەیی سیاسیی دەکەین، بەڵام کاری پارتە سیاسییەکان و دامەزراندنی پارتی نوێ بەشێوەی دامەزراوەیی دەبێت، لەوڵاتانی ڕۆژئاوا لەبەر ئەوەی کەمتر

**لەدوای قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی کۆمەڵگە وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی، بەمەش ئەرک و وەزیفەی حزب لەناو کۆمەڵگە و پرۆسە دیموکراتییەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات**

ڕووبەڕووی ئەو تەحددیانە دەبنەوە کە لەکۆمەڵگەی تازە پێگەیشتوو ڕووبەڕووی دەبنەوە، بۆیە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵێکی هێجگار کاریگەر دەبێت و دەتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحددیانە لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو بوونیان هەیە، ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت. لەوانە:

١- لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پابەندبوون

حزبە سیاسییە هاوچەرخەکان بەستایلی کۆن حوکمڕانی دەکەن، هەر بۆیە کاتێک بمانەوێت باسی پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بکەین، ناتوانین لەگەڵ شاکارە موسیقییەکانی بیتهۆڤن و مۆزارت بەراوردیان بکەین

**ڕۆبین تۆماس بۆ گوڵان:**



# ئێمە لە بەریتانیا باس لە ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆز دەکەین، واتە ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ حکومەتدا هاوڕانەبێت، بەڵام پشتگیری لە سیستمە سیاسییەکە دەکات و باوەڕی پێیەتی

بە یاساکان و جێبەجێکردنی یاساوە تارادەیەك لاوازە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە پیادەکردنی سەروەریی یاسا زەمینە ڕەخساندنی دەوێت، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت لەم زەمینە ڕەخساندنە ڕۆڵێکی ئیجابیانە بگێڕێت.

٢- لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، لێپرسینەوە لەبەرپرسەکان نەبۆتە مۆدیلێك لە حکومڕانیدا، بە تایبەتی هەندێك جار لێپرسینەوە لە بەرپرسان لەوانەیە بۆ ڕوونکردنەوە یان پرسیارکردن بێت، نەك لێپرسینەوە بەمانای سزادان، لەم بوارەشدا ئۆپۆزسیۆن ئەگەر پابەند بێت بە پاراستن و چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراتی لەکۆمەڵگە، ئەم دیاردەیەش دەکاتە مۆدیلێك لە حکومڕانی وڵاتدا.

٣- لەو وڵاتانەی تازە پێگەیشتووە، پرۆسەی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی ( یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری) پێویستی بە کاتێك و هەروەها پێویستی بەراهاتن هەیە، مەبەست لەمە ئەوە نییە کاتێك پەرلەمان و حکومەت وەك دوو دامەزراوەی سەربەخۆ دامەزران، ئیدی ئەمە مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە لێکجیاکراونەتەوە، نەخێر بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا ئەم دوو دەسەڵاتە لێکجیادەکاتەوە.

بۆ ئەوەی ئاراستەی بە جەماوەری بوون لە پرۆسەی دیموکراتییەتدا بەرەو سەقامگیری بڕوات، پێویستە سیستمی پارتایەتی بەدامەزراوەیی بکرێت

٤- لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی سیستمی پارتە سیاسییەکاندا تەنگژەی نوێنەرایەتی سەر هەڵنادات، واتە کاتێك سیستمی پارتایەتی کەوتە سەر سکەی خۆی، پارتە سیاسییەکان وەك دامەزراوەیەکی شەرعی ناو سیستمی حکومڕانی سەیر دەکرێت، ئۆپۆزسیۆن با لە هەڵبژاردنیشدا دەنگی پێویستی نەهێنابێت، بەڵام لەناو پەرلەماندا ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە دەنگی کەمینە لەناو پرۆسەکە و چاودێر بەسەر کارەکانی حکومەتەوە.

سەبارەت بە بایەخ و گرنگی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی دیموکراتی و ئەرکی لەناو پرۆسەکەدا، بۆ ئەم ڕاپۆرتە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ستیفن جۆنز ئوستادی دیراساتی ڕوسیا و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە زانکۆی ماوەنت هۆڵۆکا (Mount Holyoke) کرد سەبارەت بەوەی ئایا گرنگی ئۆپۆزسیۆن چییە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا؟ لەوەڵامدا پرۆفیسۆر جۆنز بەمجۆرە وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوەو وتی: ((ئێمە دەزانین پرۆسەی بنیادنانی دیموکراسی یاخود پارتە سیاسییەکان مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا، لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان بێت لەو کۆمەڵگەیانەدا، بەڵام ئەم پرۆسەیە- پرۆسەی بنیادنانی پارتە سیاسییەکان کە لەئاستی بەرپرسیارێتیدابن و گرێدراوی خەڵك و جەماوەر بن- لە وڵاتانی دیکەدا پرۆسەیەکی سەختە و پێویستی بەوە هەیە لە ماوەیەکی دووروودرێژدا ئەزموون بکرێت و پیادە بکرێت. هەروەها ئەم



**جۆن ئەشیام بۆ گوڵان:**



# بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و هاوکاریکردنی یەکتر و پیادەکردنی لێبوردەیی و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی

پرۆسەیە لەهەندێ کۆمەڵگەدا سەختترە، وەك کۆمەڵگەی عێراقی کە دەبێت لە پاڵ کۆششەکان لەم بوارەدا بایەخ بە رووبەڕووبوونەوەی هەژاری، نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و دۆخی دوای شەڕ بدرێت. هەروەها دڵسۆزییەکانی دیکە کە بەربەستن لەبەردەم پارتە سیاسییەکاندا وەك دڵسۆزی بۆ خێزان، بۆ خێڵ و بۆ ناوچە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم دڵسۆزی و وەلائە بگۆڕین بۆ پارتە سیاسییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت پارتە سیاسییەکانیش لە بەرامبەردا بتوانن کارێك بۆ ئەو خەڵکانە ئەنجام بدەن، ئەگەرنا چ پێویست دەکات دڵسۆزی و وەلائی خۆیان بدەن بە پارتە سیاسییەکان.

هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین خەڵکی پێویستیان بە بەدیل هەیە، پێویستیان بە گۆڕینی حکومەت هەیە، لێرەدا مەبەستم لە حکومەتی نوێنەرایەتیە، لەبەر ئەوەی لەم رۆژگارەدا ناتوانرێت دیموکراسی راستەوخۆ پیادە بکرێت، چونکە خەڵکی پێویستیان بە پارتە سیاسییەکان هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی نوێ هەڵبژێرن، کەواتە ئەگەر بانگەشەی دیموکراتی بوون بکەیت، دەبێت ئەو پارتە سیاسییانە لە ئارادابن کە دەتوانن ببنە بەدیلی پارتی حکومڕان، کەواتە بوونی پارتە سیاسییەکان بۆ حکومڕانێتی گرنگە، هەروەها بۆ خودی حکومەتیش گرنگە، لەبەر ئەوەی لە غیابی ئۆپۆزسیۆندا حکومەت بە ئارەزو و میزاجی خۆی رەفتار دەکات، کەواتە پێویستی بە پارتێکی موعارەزە هەیە بۆ ئەوەی سنوورێکی بۆ دابنێت.. با ئێمە لەم رووەوە هەر تەنیا باس لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان نەکەین، بەڵکو با لەئەزموونی وڵاتێکی گەشەکردووی وەك یابان بڕوانین، لەم وڵاتەدا سیستمی فرەحزبی هەیە، بەڵام لەرووی واقیعیەوە موعارەزە دەرفەتێکی کەمی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتەدەست. کەواتە تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە پارتێکی دیاریکراو باڵادەستە، دەبێت دەرفەت بە خۆڕێکخستنی پارتەکانی دیکەش بڕەخسێنرێت، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا هەر خەڵکی ناڕازی دەبن و لەم کاتەشدا دەبێت موعارەزە لە ئارادابێت، واتە دەبێت پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەرفەتی گرتنەدەستی دەسەڵاتیان هەبێت)).

## ئەرکی پارتە سیاسییەکان بەگشتی و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی

تیب ئۆنویل سەرۆکی پێشووی کۆنگرێسی ئەمریکا، زۆر جوان پێوەندی نێوان حزبی سیاسیی و دیموکراتی دیاریکردووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەبێ حزبی سیاسیی دیموکراتی بوونی نابێت، بەڵام بەبێ بوونی دیموکراتیش حزبی سیاسیی بوونی هەیە، کەواتە حزبی سیاسیی وەك زەرورەتێك لە هەموو کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو حزبانەی لەهەر کۆمەڵگەیەك هەبن دابەش بن بۆ حزبی حکومڕان و حزبی ئۆپۆزسیۆن، ئەمە دەروازەیەکمان بۆ دەکاتەوە کە هەر لەچوارچێوەی حزبی سیاسیدا بڵێین، دەشێت بەبێ دیموکراتی حزبی سیاسیی بوونی هەبێت، بەڵام بەبێ دیموکراتی حزبی ئۆپۆزسیۆن بوونی نییە، ئەمەش واتە یەکێك لەو دیاردانەی کە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لەوی دیکە جیادەکاتەوە، بوونی دیاردەی ئۆپۆزسیۆنە کە سیستمە دیموکراتیەکە بواری پێدەدات، چاودێری بەسەر



**پارتە سیاسییەکان لە ئۆپۆزسیۆندا بن یان لە حکومەت ئەرکیان پێشخستنی بەهاکانی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤە**

**لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، لێپرسینەوە لەبەرپرسەکان نەبۆتە مۆدیلێک لە حکومڕانیدا**




کاتێک سیستمی پارتایەتی کەوتە سەر سکەی خۆی، پارتە سیاسییەکان وەک دامەزراوەیەکی شەرعی ناو سیستمی حکومڕانی سەیر دەکرێن


# دەبێت پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبێت لە پرۆسەی بنیادنانی دامەزراوەکاندا، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پارتە سیاسییەکان بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان

لەو کۆمەڵگەیانەدا کە پارتێکی دیاریکراو باڵادەستە، دەبێت دەرفەت بە خۆڕێکخستنی پارتەکانی دیکەش بڕەخسێنرێت

## ڕۆسی کارۆڵ بۆ گوڵان:



کارەکانی حکومەتەوە بکات، دەربارەی ئەم پرسە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دانیاڵا ریسکنس ئوستادی پەرەپێدانی ئابووری لە زانکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان لەهلسنکی و تایبەتمەند لەسەر پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ستراتیژی پۆپۆلیستەکان کرد، سەبارەت بەبایەخی ئۆپۆزسیۆن بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن و وتی: ((پرۆسەی بنیادنانی دیموکراسی پرۆسەیەکی سەخت و دژوارە، هەروەها دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەم قۆناغەدا ئەرکێکی سەختتر و زەحمەتترە، پێموایە ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر ئەو قۆناغەی کە پرۆسەی بنیادنانەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، بۆیە پێویستە یەکگرتوویەك هەبێت لەنێوان پارتی فەرمانڕەوا و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا، بەتایبەتی لەسەر ئامانجەکانی پرۆسەی گەشەپێدان، وەك ئامانجە ئابوورییەکان، دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ دیموکراسی و بەشداری سیاسی. هەروەها پێویستە پارتی ئۆپۆزسیۆن بە بەرچاوڕوونیەوە رەفتار بکات، پێویستە ئەوە بخاتە روو چۆن دەبێت دامەزراوەکان بنیاد بنرێن و چۆن چاودێری دەسەڵاتەکان بکرێت و چۆن هاوسەنگی لە نێوانیاندا پێکبهێنرێت، ئایا چ سیستمێکی حکومڕانی گونجاوتر و شیاوترە پیادە بکرێت، سیستمی سەرۆکایەتی یاخود سیستمی پەرلەمانی، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ئۆپۆزسیۆن ببێتە دەسەڵات و جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرێتەدەست. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دوو لایەنی هەیە، لە لایەك هەڵدەستێت بە رەخنەگرتن لە پارتی فەرمانڕەوا و لەلایەکی دیکەوە هاوکاری پارتی دەسەڵاتدار دەکات لە هێنانەدی ئامانجە گشتییەکان و لە پرۆسەی پتەوکردنی دامەزراوەکانی حکومڕانی. ئەمەیە پێمان دەڵێت بێ بوونی پارتی بەرهەڵستکار ناتوانین بڵێین دیموکراسیەتێکی پتەو لە ئارادایە، بەڵام نابێت ئۆپۆزسیۆنیش هەر تەنیا لەپێناوی ئۆپۆزسیۆنبووندا لە ئارادابێت، مەبەستم ئەوەیە نابێت تەنیا مەبەستەکە بەرهەڵستیکردنی پارتی حکومڕان بێت، بەڵکو پێویستە ئۆپۆزسیۆن بەدیل یاخود پێشنیاز و پڕۆژەی بەدیل بخاتە بەردەم دەنگدەران کە ئەو پێشنیازانەش جێی میسداقیەت بن. کەواتە بوونی




دەشێت بەبێ دیموکراتی حزبی سیاسیی بوونی هەبێت، بەڵام بەبێ دیموکراتی حزبی ئۆپۆزسیۆن بوونی نییە

**ڕۆب سالمۆند بۆ گوڵان:**



# دیموکراسی لە پرێکدا وەک گوڵێک ناپشکوێت دەبێت پارتەکانی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆنیش لەکاتی بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەیاندا ئەم ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت

پێویستە یەکگرتووییەک هەبێت لەنێوان پارتی فەرمانڕەوا و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا، بەتایبەتی لەسەر ئامانجەکانی پرۆسەی گەشەپێدان

ئۆپۆزسیۆن گرنگە بۆ ئەوەی هەمیشە پارتی دەسەڵاتدار هەست بکات چاودێری دەکرێت و هەر هەڵەیەك بکات لەلایەن پارتی موعارەزەوە سوودی لێوەردەگیرێت بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی پارتی دەسەڵاتدار پتر بەدەم داواکارییەکانی بچێت و زیاتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت. بەڵام ئەگەر ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆن هەر لەپێناوی ڕەخنەگرتندا بێت و بەس، ئەوا خزمەتێکی ئەوتۆ پێشکەش ناکات، بەڵام ئەگەر بەدیل پێشکەش بکات و ڕەخنەکانی لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە و دیراسەت بێت بە چەشنێك پارتی حکومڕانیش هەڵبستێت بە دووبارە ئاڕاستەکردنەوەی سیاسەتەکانی بەپێی ئەو ڕەخنانە، ئەوا بە دڵنیاییەوە پارتی موعارەزە ڕۆڵێکی ئیجابی دەبێت و کاریگەری دەبێت لەسەر باشترکردنی پرۆسەی حکومڕانی، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، نابێت موعارەزەبوون لەپێناوی موعارەزەبووندا بێت، نابێت تەنیا لەپێناوی ڕەخنەگرتن و بەرهەڵستیکردندا بێت)).

ئەوەی خاتوو دانیاڵا وەك تایبەتمەندێك لەسەر ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئاماژەی پێکرد، تاراددەیەکی زۆر ئەزموونی ئەو وڵاتانەیە کە لە دەسپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدا بوون و ئەو ئیشکالیەتانە هەبوون کە دیاردەی ئۆپۆزسیۆن تەنیا بۆ ئەوە بووە کە بڵێن ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانیوە خزمەتی پرۆسە دیموکراتیەکە بکات، سەبارەت بە ڕاهاتن و گۆڕینی شێوازی خەباتی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسە دیموکراتیەکە ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر جۆن ئەشیام ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نۆرس تەکساس کردەوە و لێمان پرسی ئایا لەقۆناغی دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدا دەبێت پارتە سیاسییەکان چۆن خۆیان ئامادە بکەن بۆ پرۆسەی بنیادنانی دیموکراسی؟ پرۆفیسۆر ئەشیام بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: ((تەحەدداکە ئەوەیە ئەو پارتە موعارەزانەی بە کولتوورێکی شۆڕشگێڕی کار دەکەن یاخو خۆیان بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕین، دەبێت بگۆڕدرێن بۆ پارتی سیاسی، ئەم پرۆسەیەش بێ یارمەتیدان ناگاتە ئەنجام، کە لەم ڕووەوە پێویستە مەشق بە سەرکردەکان بکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارانە ڕەفتار بکەن لە ئاستی بەشداریکردنیان

**رۆڵی ئۆپۆزسیۆن دوو لایەنی هەیە، لە لایەک هەڵدەستێت بە ڕەخنەگرتن لە پارتی فەرمانڕەواو لەلایەکی دیکەوە هاوکاری پارتی دەسەڵاتدار دەکات لە هێنانەدی ئامانجە گشتییەکان**

**پێویستە ئۆپۆزسیۆن پێشنیاز و پرۆژەی بەدیل بخاتە بەردەم دەنگدەران**

**دەبێت پارتە سیاسییەکان رۆڵیان هەبێت لە پرۆسەی بنیادنانی دامەزراوەکاندا**

لە پرۆسەکەدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەچەشنێك بەکار بهێنرێت کە موعارەزە بە چەشنێك کاربکات بێتەهۆی پەرەپێدانی دیموکراسی. هەر بۆیە زۆرجار باس لەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە دەکرێت کە هەندێك پێی دەڵێن ئۆپۆزسیۆنی سلبی، پێموایە ئەم جۆرە ئۆپۆزسیۆنە پەیوەستە بە گرتنەبەر و بەکارهێنانی ئامراز و شێوازە نادیموکراتییەکانەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمێکی دیموکراتی. دەڵێم بۆ ئەوەی ئەم پارتانە بەشدارییەکی بنیادنەرانە بکەن، دەبێت دوو شت ڕووبدات: یەکەمیان ئاڵوگۆڕ و ئەنجامدانی گۆڕانکاریە لەسەرکردەکانی پارتی ئۆپۆزسیۆن دا، دووەم دەبێت سیستەمەکەش پتر کراوەبێت بەرووی پارتە موعارەزەکاندا و زیاتر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنێت)).

لەتێڕوانینی هەردوو پرۆفیسۆر ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن گەوهەری و سەرەکییە، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بۆ زیاتر بەدواداچووونی ڕۆڵ و بایەخی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆفیسۆر ڕۆسی کارۆڵ ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی رایسمان پرسی، ئایا چۆن لەناو کۆمەڵگەی دیموکراتیدا زەمینەی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی دەڕەخسێنرێت؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە پرۆفیسۆر کارۆل رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((دەکرێت گرنگی موعارەزە لە چەند ڕوویەکەوە باس بکەین، لەڕووی ئەوەی هەڵدەستێت بە ڕەخنەگرتن لە حکومەت، هەروەها هەڵدەستێت بە خستنەڕووی بەدیل بۆ سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت و لەهەمان کاتدا دەبێتەهۆی ئەوەی چەند بیرۆکەیەکی دیکە لەبەرچاوبگیرێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا.. هەر بۆیە ئەگەر من باش لە پرسیارەکانی ئێوە تێگەیشتبم، ئەوا دەڵێم بوونی ئاست و مەودایەکی دیاریکراو لە بەردەم موعارەزەدا بۆ ئەوەی بتوانێت بەدیل بخاتەڕوو، یارمەتیدەر دەبێت لە خوڵقاندنی ئەو دۆخەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن. هەروەها دەبێت پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبێت لە پرۆسەی بنیادنانی دامەزراوەکاندا و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان پارتە سیاسییەکان بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان. لە دیموکراسیدا بواری ململانێ دەڕەخسێنرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا کار بۆ ئەوە دەکرێت سیستەمەکە هەموولایەنەکان لەخۆبگرێت و زەمانەتی ئەوە بکرێت موعارەزەش کاریگەری و ڕۆڵی خۆی هەبێت، بواردان بۆ ئەوەی موعارەزە کاریگەری هەبێت لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لەسەر هەندێ لە سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت. دەبێتەهۆی ئەوەی گیانی پێکەوەژیان و بەرژەوەندیە بنەڕەتییەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی هەڕەشە نەبنەوە. هەروەها ناڵێم جۆری سیستەمی حزبایەتیەکە کاریگەری نییە لەسەر ئەدای پارتە سیاسییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە کارکردن بە سیستەمی نوێنەرایەتیکردن لە چوارچێوەی خودی پارتە سیاسییەکاندا کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی بەرهەمدارتر ببینن)).

بەڵام د.ڕۆبین تۆماس ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کینگستۆن لە لەندەن و تایبەتمەند لەسەر پارتە سیاسییەکان، کاتێك هەمان پرسیارمان ئاراستە کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوە و وتی: ((دیموکراسی پەیوەستە بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەوەی هەموو بیروبۆچوونەکان گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەروەها بوونی ئۆپۆزسیۆن بەو مانایە دێت تەنانەت دەنگی کەمینەش بیسترا و لەبەرچاودەگیرێت. ئێمە لە بەریتانیا باس لە موعارەزەی دڵسۆز دەکەین، مەبەست لێی ئەوەیە ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆن هاوڕانەبێت لەگەڵ حکومەتدا، بەڵام هێشتا پشتگیری لە سیستەمە سیاسییەکە دەکات و باوەڕی پێیەتی. لەبەر ئەوەی پێویستە بوار بە موعارەزە بدرێت بۆ ئەوەی ڕەخنە لە حکومەت بگرێت، لەبەر ئەوەی ڕەخنەگرتن یاخود بەرهەڵستیکردنی حکومەت جیاوازە لە بەرهەڵستیکردنی سیستەمە دیموکراسیەکە، چونکە ڕەخنەگرتن لە حکومەت بە مانای ڕەتکردنەوەی سیستەمە سیاسییەکە و بە مانای ڕەتکردنەوەی دەوڵەت نییە. کەواتە بەرای من ئۆپۆزسیۆن دوو ئەرکی ئەساسی هەیە، یەکەمیان بریتییە لە تەحەدداکردنی حکومەت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەرچی پارتی حکومڕان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کارەکانی لەژێر چاودێریدا بێت و ئاماژە بە هەڵەکانی بکرێت، واتە حکومەت ناچار بکرێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی بەشێوازێکی دیاریکراو کارەکانی ئەدا دەکات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە لە دیموکراسیدا دەبێت لایەنی دۆڕاو ئەنجامەکە قبوڵ بکات، لێرەدا ئەرکی دووەمی ئۆپۆزسیۆن دەردەکەوێت کە ئەویش کارکردنە بۆ ئەوەی لایەنی سەرنەکەوتوو دۆڕاویش ڕۆڵی هەبێت و دەنگی بیستراو بێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین لە سیستەمی دیموکراسیدا ئازادی پارێزراو دەبێت، هەروەها ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ئەوە دەبێت حکومەت ناچار بکات لە ئاست بەرپرسیارێتیەکانیدا بێت و کاتێکیش هەڵەیەکی کرد، بەسەریدا تێنەپەڕێت و کەموکوڕییەکانی بێ سەرنجدان تێنەپەڕن. لەلایەکی دیکەوە ئەمە پەیوەستە بەوەی ئەگەر تۆ لە هەڵبژاردنەکانیشدا شکست بهێنیت، ئەوا هێشتا دەتوانیت گوزارشت لە هەڵوێست و دەنگی خۆت بکەیت و دەرفەتی ئەوەشت بۆ دروست دەبێت کە دەنگت بیستراوبێت)).

هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە خرانە ڕوو ئەو بەرێزانەشی تایبەت بۆ ئەم ڕاپۆرتە هاتوونە ئاخاوتن و بەشداریانکردوین، ئەرکی پارتەکانی فەرمانڕەوا و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەچەند خاڵێکی جیاواز و هاوبەش پێکەوە کۆ دەکەنەوە:

١- پارتە سیاسییەکان لە حکومەتدا بن یان لە ئۆپۆزسیۆن، پابەندن بەڕێزگرتنی سیستەمە سیاسییەکە و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

٢- ڕاستە لایەنی زۆرینە لە دیموکراتیدا حکومڕانی دەکات، بەڵام بوونی



ئۆپـۆزسـيـۆن ماناى ئـەوەيــە كەمينەش دەنگى هەيە و رۆڵى لە پرۆسە سياسييەكەدا فەرامۆش ناكرێت.

٣- چـــاودێــــرى ئۆپۆزسيۆن بۆ كارەكانى حـكـومـەت، رۆڵـى حـكـومـەت كـارا دەكـــات، بۆيە بــــــــەردەوام ئۆ پۆ ز سيۆ ن چــاودێــرى ئـەوە دەكـات لە دە سە ڵا تى خـــــــۆى لانـەدات و كا رە كانى بـــــــە

باشترين شێوە ئەنجامبدات.

٤- لە كۆمەڵگەى ديموكراتيدا هيچ پارتێك تاسەر ئۆپۆزسيۆن نييە و هيچ پارتێكيش تاسەر حكومەتى بەدەستەوە نابێت، لەبەر ئـەوەى ئـەم پرۆسەيە بە دەستاودەستكردنى ئاشتيانە جێگۆركێ بە پارتە سياسييەكان دەكات، ئەوا ئەركى هەر دوولايەنى فەرمانڕەواو ئۆپۆزسيۆنە پابەند بن بە ئاكامەكانى هەڵبژاردن و رێز لەئيرادەى دەنگدەران بگرن، لەبەر ئەوەى پارتە سياسييەكان دەنگ زۆر بێنن يان كـەم، نوێنەرايەتى بەشێكى كۆمەڵگە دەكەن.

ئەو خاڵانەى بەكورتى ئاماژەمان پێكردن، بەشێكن لەو ميكانيزمانەى كە سيستمى پارتايەتى لـەوڵاتدا نێوانى پارتەكانى ئۆپۆزسيۆن و فەرمانڕەوا رێكدەخات و بەردەوامى بە پرۆسە ديموكراتيەكە دەدات، بـــەڵام وەك پرۆفيسۆر رۆب سالمۆند لـە زانـكـۆى ميشيگان سـەبـارەت بە كاريگەرى فرەلايەنى و بوونى

ئۆپۆزسيۆن بەم راپۆرتەى راگەياند باشيى فرەلايەنى ئەوەيە هەموو لايەك دەتوانێت راى خۆى دەربرێت و لەمبارەوە وتى: ((ديموكراسيەكى كارا چەندين توخمى هەيە، لە نێوياندا متمانەى جەماوەرى بە پرۆسە سياسييەكە و بە درێژخايەنى پرۆسە سياسيەكە. ئەو متمانەيەش لە شەو و رۆژێكدا دروست نەبووە، كەواتە نابێت پارتە سياسييەكان پێشبينى ئەوە بكەن ديموكراسى لـە كتوپڕێكدا وەك گوڵێك بپشكوێت. بنيادنانى ديموكراسى پرۆسەيەكى درێژخايەن و لەسەرخۆيە و دەبێت حكومەت و ئۆپۆزسيۆنيش لەكاتى بەرێكردنى كـارى رۆژانـەيـانـدا ئەم راستييەيان لەبەرچاوبێت. هەروەها بوونى فرەحزبى بـەلاى كـەمـەوە دەبێتەهۆى دروستبوونى ململانێيەكى گشتى، هەر ئەمەش هۆكارى ئەوەيە كە هەمو پارتە سياسييەكان (ئايا لە حكومەتدا بن ياخود لە موعارەزەدا) رۆڵـێـكـى بەرهەمدارتر دەبينن لە دارشتنى سياسەتى باشدا كـە سـوودى بـۆ خـەڵـك هەبێت)) .

ئەركى هەر دوولايەنى فەرمانڕەواو ئۆپۆزسيۆنە پابەند بن بە ئاكامەكانى هەڵبژاردن و رێز لەئيرادەى دەنگدەران بگرن

بۆ ئەوەى پارتە سياسييەكان بەشدارييەكى بنيادنەرانە بكەن، دەبێت ئەنجامدانى گۆڕانكارييەكان لەسەركردەى پارتەكەياندا بكەن سيستمەكەش پتر كراوەبێت بەرووى پارتە موعارەزەكاندا

# ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی لە سیستمی دیموکراسیدا



**دکتور شێرزاد نەجار**

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**

لە بەرامبەر وەسەرزارکەوتنی وشەی ئۆپۆزسیۆن opposition زەینی خوێنەرو چاودێر دەوروژێت بۆ بینینی یان هەبوونی پارتێك یا چەند پارتێکی رکابەر لە ژیان وپرۆسەی سیاسیدا ( بەتایبەت لە پەرلەماندا ) کە رووبەڕوی پارتێك یان چەند پارتێکی دەسەڵاتداری ناو حکومەت دەوەستنەوە .

ئەم وشەیە ئاماژەیە بە هەر پارتێکی سیاسی یان ئەنجومەنێکی سیاسی کە هەڵگری بیرۆکە و روانینی ئۆپۆزسیۆنانەیە بۆ بەرنامە و کاری سیاسی حکومەت.

بەڕای زانای سیاسەتمەدار پرۆفیسۆر ئۆنیسکۆ ئۆپۆزسیۆن بە واتا بەرفراوانەکەی چەمکەکە هەوڵێکە یان کارێکی کتوپڕە یان راوێژکردنێکی لیبراوانەیە یان بەردەوامبوونی گرووپێکە لە دژی دەسەڵاتی ویستای حوکمدار. بەڵام ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەزگایەکە لەناویدا بەشێك لە کاری سیاسیانە و دەستوریانەی پارتێك یان چەند پارتێکی سیاسی هەڵدەسوڕێت.

لەدێر زەمانەوەو بەپێی تیۆری دیموکراسی بریاردراوە لەسەر ئەوەی رێبازی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی رەوا رێبازێکە لەسەر بناغەی پێکهاتەیی دیموکراتیەتی لیبرالی دادەمەزرێت ئەوەش بە پشت بەستن بەم دینگانەی خوارەوە:

ئازادی بیروڕا، رەوایەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، رێوشوێنی پێویست بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن لەلایەن حکومەتەوە.

هەروەك پرۆفیسۆر شاپیرۆ shapiro دەڵێ: دیموکراتیەت لە حەقیقەتدا ئایدۆلۆژیەتی ئۆپۆزسیۆنیە بەر لەوەی ئایدۆلۆژیەتی حکومی بێت، ئەمەش بە واتای رۆڵی بنەڕەتی بۆ هەر ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی رۆڵێکی هەڵسەنگێنی بەهادارانەی هەیە normative value هاوکات رۆڵێکی پرۆسەداری جێبەجێکاری هەیە empirical manifestation

بەو پێیە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی رێکخراو و دادن پیانراو لەرووی رەوایەتییەوە یەکێکە لەو بەرهەمە مەزنانەی سیاسەتوانی لە سیستمی دیموکراسیدا.

درێژە پێدان وبەردەوامیی ململانێ و ناکۆکی و شەنگەبێژی لە چوارچێوەی چالاکی سیاسیدا بۆ سیستمی دیموکراسی پرۆفیسۆرێکی بەناوی (رۆبەرت داڵ) Dahl ی هاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات :

١- ئۆپۆزسیۆنێك کە بە هۆی دەرکەوتنی بابەت و گرفتێکی کتوپڕی کاتییەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دروست دەبێت.Ad-hoc opposition

٢- ئۆپۆزسیۆنی هاریکار. cooperative opposition

٣- ئۆپۆزسیۆنی کێبرکێکار. competative opposition

جۆری یەکەم لە ئۆپۆزسیۆن لە سیستمی سەرۆکایەتی ئەمریکیدا بەدی دەکرێت، بەڵام دوو جۆرەکەی تریان لە سیستمی پەرلەمانیدا بوونیان هەن.

بەم شێوەیە پرۆفیسۆر(داڵ) جەخت دەکاتەوە لەسەر شێوازەکانی میسالی لە ئۆپۆزسیۆندا کە پێویستی بە رێکخستن و گۆڕانکاری هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن پرەنسیپ (مەبدەئی ) لەمەشدا پرۆفیسۆر (کریشهایمەر) Kirshaeimer هاوبووچوونی (داڵ)ە لەسەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی لە سیستمی دیموکراسیدا خاڵەکانی لە دەوری ئۆپۆزسیۆنی کێبرکێکار ئۆپۆزسیۆنی هاریکار چڕ دەبنەوە کە دواتر دەگۆڕدرێن بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی مەبدەئی پشت بەستوو بە ئایدۆلۆژیەتێکی شەفاف و روون ( یان بەلایەنی کەمەوە خاوەن پرۆسە و بەرنامەی دیاریکراون) لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا یان لەناو پەرلەماندا کار دەکەن.

پەرلەمان بنکەیەکی سەرەکی کارکردنی سیاسییە لە سیستمی دیموکراسیدا لەبەر ئەوە رۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت، چونکە تەنیا شوێنێکی سەرەکییە بۆ کاری ئۆپۆزسیۆنی

سیاســی به واتای کاری ئۆپۆزسیۆن بریتییه له کاری (تێکهەڵکێشــان) بۆ پرۆســەی بونیاتنانــی راوبۆچوون و ئیراده وەك لایەنێکی گرنگ له بزاوتی سیاسیدا بەم شێوەیە کاریگەرو کارتێکەر دەبێ بۆ ســەرجەم پرۆســەی سیاسی وهاوکات زەمینە ساز دەکات بۆ ئەوەی له داهاتوودا دەســەڵات بگرێتە دەست یان هاوبەشی له دەسەڵاتدا بکات

بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆن له سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیــی جێگیردا بە رێکخراوێکی پەرلەمانیی دەژمێردرێت، بەشــێکە لــە ژیانــی پەرلەمانیــی دیموکراتی (١).

بوونــی ئۆپۆزســیۆن بــە هەموو شێوەکانییەوە پابەندە بە بەسیاسەتکردنی ململانێ و ناکۆکیەکان و بەرجەســتە کردنەویــان لــە واقعی سیاســی و پرۆسەی سیاسیدا

کەواتە بۆ ئەوەی ئۆپۆزســیۆنێکی سیاســی نەیار ببێتە ئیجابی پێویستە لەسەری لە میسالیەت دوور بکەوێتەوە و ببێتە ئۆپۆزســیۆنێکی واقیعی واتە ببێتە ئۆپۆزســیۆنێکی کێبرکێکار یان هاریکار.

ئەمەش واتە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی پێویســتە بەشێکی کاریگەر و ئیجابی بێ لە پرۆســەی سیاســیدا نەك لە پێناوی چەسپاندنی دەسەڵاتی پارتێك یان چەند پارتێکی دەستڕۆیشــتوودا، بەڵکو لە پێناوی ئەوەی رێگا لەبەردەم خــۆی تەخت بــکا بۆ گەیشــتن بە دەســەڵات تا بەرنامە و بیرۆکەکانی لە خزمەتی گشــتیدا جێبەجێ بکات، کەواتە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئیجابی هاوشــانی دامودەزگا دەستوورییەکان دەبزوێــت و هەرگیــز لــە پێنــاوی تێکوپێکــدان و تەفرەدان یان لەپێناوی کاولکردن و لەناوبردنی ئەو دامودەزگا چەسپاوانەدا ناجووڵێتەوە،کە لە واقیعدا بوونیا هەیە، بەڵکو کارەکانی دەکەونە ئەســتێلکی ئــەو دامودەزگایانــەی کــە دابــو رێورەســمی دیموکراتی لەنــاو کۆمەڵــدا دەچەســپێنن کە لە هەمووبابەکان گرنگتر دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتە لە رێگەی هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ رای خەڵك.

ئــەم جــۆرە لــە ئۆپۆزســیۆنی سیاســی تەنیا لە رێگــەی رێزگرتن و دەســتەبەرکردنی ئازادییــەوە دەبێتە دیاردەیەك هەروەها دەبێتە بنکەیەك بۆ سەرهەڵدانی دیموکراتیەتی لیبراڵی.

ئۆپۆزسیۆن لەم چوارچێوانەدا ئازادە بۆ دانانی ستراتیژیەت و سیاسەتەکانی و شرۆڤە کردنی بۆ رای گشتی و کار کردن لەســەر رازی کردنی هاووڵاتیان بــەو سیاســەت و ســتراتیژیەت و بەرنامانەی خــۆی بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەڵبژاردنی داهاتــوودا براوە بێت، کەواتە ئۆپۆزســیۆنی سیاسی ئیجابی بریتــی نییە لــە ئۆپۆزســیۆنێکی میسالی یان ئۆپۆزسیۆنێکی رووخێنەرو کاولکاروبێبنەوان بەڵکو بەشــێکی کارا وئەکتیڤە لەناو دامودەزگای سیستمی دیموکراسیدا.

چی پێویســتە لەســەر ئۆپۆزسیۆن جێبەجێی بــکات تا پەرە بە کۆمەڵگە بــدات وئاســتی بژێــوی هاووڵاتیان بەرز بکاتــەوە و پرەنســیپی دەوڵەتی خۆشگوزەران بەدی بهێنێت؟

پاراســتنی پرەنســیپی بنەڕەتــی لــە دەوڵەتــدا پێویســتە بگاتە چەند خاڵێکی هاوبەشی نێوان هێزە سیاسییە جیاوازەکان( پارتە دەســەڵاتدارەکان و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان)کە پێکرا ئەرکیان پاراســتنی دەوڵەت و کیانی سیاسی و وەدیهێنانی ئارامییە، هەروەها ئەرکیان بەرگری کردنە لە هاووڵاتیان لە پێناوی زامن کردنی مافەکانیان و گەیشتن بە دەوڵەتێکی خۆشگوزەران، بۆیە پێویستە جۆرێك لــە هاوبارگەیی و گونجاندن و تەوافوقــی هاوبەش لەنێــوان هێزە سیاسییەکاندا بدۆزرێنەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ناکۆکیەکان رەت بکرێنەوە و هەمەچەشنەیی روانین بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەت و حکومەت نەهێڵرێن ...

ئۆپۆزســیۆنی سیاســی ئیجابــی دەتوانێــت لە چوارچێوەی پرۆســەی سیاسیدا بەم ئاراستانەدا بجووڵێتەوە:

* پێشکەشــکردنی بەرنامەی نوێ لەبری بەرنامەکانی دەسەڵات.

*پەرلەمــان بکرێتە ســەکۆیەکی دینامیکــی لەپێنــاوی گەیاندنــی دەنگی ئۆپۆزســیۆن بۆ رای گشتی و هاووڵاتیــان، بەواتا پەرلەمان بکرێتە حەکەمێك لەســەر دروستی تێڕوانین و راو بۆچوونەکانی هەموان.

*گواســتنەوەی ئۆپۆزســیۆن بۆ ئامرازێکی رێگر لەبەردەم بەرقەراربوونی ئــەو یاســایانەی دەبنە هــۆی زیان گەیاندن بــە توێژەکانی هاووڵاتیان بە تایبەتی خەڵکانی هەژار و رەنجدەرانی وڵات.

* کارکردن بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی تەوافوقــی تــا لەگــەڵ پارتەکانی دەسەڵاتدا هاوبەشــی بکەن، لەپێناوی بە شەرعیەت کردنی ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندان.

*هەماهەنگی کــردن لەگەڵ پارتە دەســەڵاتدارەکان لەپێناوی بەدیهێنانی بەرهــەم و چالاکــی خزمەتگوزار بە هاووڵاتیان.

* کار کــردن بــۆ گواســتنەوەی پەرلەمــان بەرەو دەزگایەکی چاودێری بەهێز و یەکلاکەرەوە بۆ چاوخشــانەوە بە کارەکانی حکومــەت و بینینەوەی ســەرپێچیەکان، دواتر کار کردن لەسەر کەم کردنەوەی دیاردەکانی گەندەڵی.

هەموو ئەمانــە دەمانگەیەننە دوو شتی پڕ بایەخ:

١- زیاد بوونی ســەقامگیری لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا.

٢- زیاد بوونی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیدا بەشێوەیەك گەر حکومەت بەپێی پێویست نەتوانێت ئەو رۆڵە ئیجابیە ببینێت بۆیە کار لەسەر راوێژکردن بە ئۆپۆزسیۆن دەکات تا لە بابەتە گەوهەری و چارەنووسسازەکان و کاری سیاسیدا هاریکاری یەکتر بن.

(١) لە ماددەی (١١٦) لە دەستووری ویلایەتی باڤاری ئەڵمانی ساڵی ١٩٤٦ دا هاتووە:

١-( ئۆپۆزســیۆنی پەرلەمانیــی بەشێکی ســەرەکییە لە دیموکراتیەتی پەرلەمانیی )....

**ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەرگیز لە پێناوی کاولکردن و لەناوبردنی دامودەزگا ئیدارییەکاندا ناجووڵێتەوە..**

**رێبازی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی رەوا رێبازێکە لەسەر بناغەی پێکهاتەیی دیموکراتیەتی لیبراڵی دادەمەزرێت**

# تەنگژە سیاسییەکان و داهاتووی عێراق



## جامیس دۆبینز سەرۆکی ئامۆژگای رەند بۆ گوڵان:

# ئەگەر تا تشرینی یەکەمی داهاتوو حکومەت پێکنەهێنرێت عێراق رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە




**هیچ ئومێدێك بۆ پێكهێنانی حكومەت لەمانگی ئەیلوولیشدا بوونی نییە**

بالیۆز جامیس دۆبینز كە ئێستا سەرۆكی ئامۆژگای رەندە بۆ دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی، لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا: ((هاوكات لەگەڵ دواكەوتنی پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت خەریكە ئاستی توندوتیژی بە ئاستێكی بەرچاو بەرزدەبێتەوە، ئایا تاچەند مەترسی ئەوە هەیە لەگەڵ دواكەوتنی پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت، كارە توندوتیژییەكان داهاتووی عێراق بخاتە مەترسیەوە))؟ بەمجۆرە وەڵامی داینەوەو وتی: ((ئومێدەكە ئەوەیە بەلای كەمەوە حكومەتی نوێ لەمانگی تشرینی یەكەمدا پێكبهێنرێت و تا ئەو كاتە توندوتیژی بە رادەیەكی گەورە بەرەو هەڵكشان نەچێت، ئەگەر پێكهێنانی حكومەت لەوە زیاتر دوا بكەوێت، ئەوا مەترسیەكە گەورەتر دەبێت)).

ئەو چەند دێرەی بالیۆز دۆبینز بەگوڵانی راگەیاند كۆمەڵێك پێشبینی و زانیاری تازەی لەخۆی گرتووە، بەتایبەتی دەستنیشانكردنی مانگی تشرینی یەكەم، ئەمەش مانای وایە هیچ ئومێدێك بۆ پێكهێنانی حكومەت لەمانگی ئەیلوولیشدا بوونی نییە، بێگومان پێش ئەوەی ئاماژە بەدرێژەی لێدوانەكەی دۆبینز بكەین بۆ گوڵان، گرنگە خوێنەرانی گوڵان بالیۆز دۆبینز بناسن، بۆیە بەپێویستی دەزانین لەنێو ئەم راپۆرتە بەچەند دێرێك دۆبینز بە خوێنەرانمان بناسێنین و ئەم زانیاریانەی لەم راپۆرتەشدا دەیخەینەروو لەماڵپەری ئامۆژگای رەند ئاماژەی پێكراوە كە تیایدا هاتووە: (بالیۆز جامیس دۆبینز سەرۆكی ئامۆژگای رەند بۆ دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی و بەرێوەبەری سەنتەری دیراسات و بەرگریە لە ئامۆژگای ناوبراو، یەكێكە لەو دیپلۆماتە گەورانەی ئەمریكا كە چەندین پۆستی گرنگی لەكۆشكی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا وەرگرتووە، وەك: (یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بۆ كاروباری ئەوروپا، یاریدەدەری تایبەتی سەرۆكی ئەمریكاو راوێژكاری تایبەتی سەرۆك و وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بووە



بۆ كاروباری بەڵكان، بالیۆزی ئەمریكا بووە لەیەكێتی ئەوروپا و لەسەردەمی هەردوو سەرۆك (كارتەر و جۆرج دەبلیو بوش) چەندین تەنگژەی نێودەوڵەتی بەرێوەبردووە و نوێنەری تایبەتی ئیدارەی بوش بووە بۆ ئەفغانستان و كۆسۆڤۆ و بۆسنیا و هایتی و سۆماڵ، لەدوای كارەساتی ١١ی سێپتەمبەر بالیۆز دۆمینز راسپێردراوی ئیدارەی ئەمریكا بووە بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئەفغانستان و دەستنیشانكردنی جێگرەوەی رژێمی تالیبان، بەشداری كۆبوونەوەی بۆن بووە بۆ دامەزراندنی حكومەتی نوێی ئەفغنستان و ئاڵای ئەمریكی لەسەر بالیۆزخانەی ئەمریكا لە كابول هەڵكردووە و یەكێكە لەو كۆمەڵە نووسەرەی كە كتێبی لە ئەڵمانیاوە بۆ عێراقیان نووسیووە)). ئاماژەكردن بۆ كارە دیپلۆماتییەكانی پێشتر و كاری ئێستای بالیۆز دۆبینز وەك سەرۆك




و بەرێوەبەری یەكێك لە ئامۆژگا ستراتیژییەكانی ئەمریكا، بۆ ئەوەیە لە وەڵامە كورت و پڕ ماناكانی هەڵوەستە بكەین، هەر بۆیە كاتێك سەبارەت بە تەنگژە و ئاڵۆزی نێوان لیستی ئەلعراقیە بەسەرۆكایەتی د.ئەیاد عەلاوی و لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆكایەتی د.نوری مالیكی كە جارێكی دیكەش عێراقییەكانی لە پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت نائومێد كردەوە، ئایا چۆن ئەم ئاڵۆزییە خاوەكرێتەوە و چۆن دەگەنە رێككەوتن بۆ پێكهێنانی حكومەت؟ بالیۆز دۆبینز زۆر بەراشكاوی وەڵامی داینەوە و وتی: ((هێشتا ئەگەری باش لە ئارادایە بۆ ئەوەی سەركەوتووبن لەپێكهێنانی حكومەتدا لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا، بەڵام هێشتا مەترسی شكستهێنانیش لەئارادا دەمێنێت)). كەواتە ئەگەر تێبینی بكەین ئەم دیپلۆماتە ئەمریكییە مەترسی شكستهێنانی پرۆسە سیاسییەكەی لەنێو ئەگەرە سیاسییەكان دوور ناخاتەوە و هاوشانی سەركەوتنی پرۆسەكە شكستیش بوونی هەیە، هەر بۆیە ئەمجارەیان بەشێوەیەكی دیكە پرسیارمان ئاراستەكرد و هەندێك لەبەرپرسیاریەتیەكەمان خستە ئەستۆی ئەمریكاو پێمانوت: هەست دەكرێت هەوڵەكانی ئەمریكا بۆ هاندانی عێراقییەكان بۆ ئەوەی بتوانن حكومەت پێكبهێنن، هیچ ئاكامێكی ئەوتۆی لێنەكەوتۆتەوە، ئایا ئەگەر ئەمریكا نەتوانێت لایەنە عێراقییەكان لێكنزیكبكاتەوە، ئایا ئەمە شكستێك نییە بۆ سیاسەتی ئەمریكا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دۆبینز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: ((پێموایە ئەمریكا دوای مانگی رەمەزان زیاتر چالاك دەبێت لەعێراقدا و سەردانی زیاتر و كۆششی زیاتر دەبینین بۆ هێنانەدی رێككەوتنێك. هەروەها دەبێت ئەوە بزانین دەستڕۆیشتوویی ئەمریكا رەنگدانەوەی ئەو هێزانەیە كە لەعێراقدا ماونەتەوە كە ئاشكرایە ئەو هێزانەش كەمكراونەتەوە)). لەم وەڵامەشدا لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەوەدەكات لەدوای جەژنی

**ئەمریكا دوای مانگی رەمەزان زیاتر چالاك دەبێت لەعێراقدا و سەردانی بەرپرسانی ئەمریكا بۆ عێراق زیاتر دەبێت**


ڕەمەزان هەوڵەکانی ئەمریکا زیاتر دەست پێدەکاتەوە و سەردانی بەرپرسانی ئەمریکا بۆ عێراق زیاتر دەبێت، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە و بەشێوەیەکی دیپلۆماتیانە ئەو ڕاستیەی نەشاردۆتەوە کە ئێستا ئەمریکا ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی هەبێت کە لەساڵی ٢٠٠٥ هەیبووە، ئەو ئاماژەیەشی بەوجۆرە خستۆتەوە کە کاریگەری ئەمریکا پەیوەستە بەبوونی قەوارەی هێزەکانی ئەمریکاوە لەعێراق و لەبەر ئەوەی ئەمریکاش هێزەکانی لەعێراق کەمبۆتەوە، واتە کاریگەریشی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کەمدەبێتەوە.

سەبارەت بە کەمبوونەوەی کاریگەری ئەمریکا لەسەر پرۆسە سیاسییەکە دوای کشانەوەی بەشێك لەهێزەکانی، گومانی تێدانییە کاریگەری ئەمریکاش لەسەر باری سەقامگیری و دابینکردنی ئاسایشیش کەمدەبێتەوە، هەروەها بەشێك لەبەرپرسە عێراقییەکانیش ئەو ڕاستیەیان نەشاردۆتەوە کە دوای کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، هێزەکانی عێراق لەو ئاستەدا نین بتوانن سەقامگیری و ئاسایشی عێراق ڕابگرن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا لێمان پرسی ئایا ئەمریکا کاتێك بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی جێبەجێکرد، حسابی بۆ ئەگەری ڕوودانی ئەو مەترسیانە نەکردبوو؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا باڵیۆز دۆبینز بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: ((پێموایە کشانەوەی ئەمریکا مەترسییەکی حساب بۆکراوبوو، ئەوەش ڕاستە کە مەترسی هەیە و ئەمریکاش هۆشیارە، ڕوودانی ئەم مەترسیە یەکێکە لە ئەگەرەکان. لەهەمان کاتدا ئەمریکا وەك هێزێکی گرنگ لەعێراقدا دەمێنێتەوە و ڕۆڵی گرنگی دەبێت لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەو کاتە عێراق دەبێتە وڵاتێك خاوەن سەروەری و زیاتر توانای ئەوەی دەبێت خۆی خاوەنی بڕیارەکانی خۆی بێت، ئەمە دوای ئەوەی بۆچوون و هەڵوێستی نەك هەر ئەمریکا، بەڵکو وڵاتانی دراوسێش لەبەرچاو دەگرێت)).

سەبارەت بەو ئەگەرەی کە ئەمریکا لەکشانەوەی هێزەکانی لەعێراق حسابی



بۆ کراوە، باڵیۆز دۆبینز لەم لێدوانەی بۆ گوڵان ئاماژەی پێنەکردووە، هەندێك چاودێر بەوجۆرە ئەو خاڵە شرۆڤە دەکەن کە باراك ئۆباما هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی لەپێشە و ئەگەر تا هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس هێزەکانی لەعێراق کەمنەکردبایەوە ئەوە باجێکی قورستری دەدا و لەیەکێك لەبەڵێنەکانی خۆی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ بە ئەمریکییەکانی دابوو، پاشگەز دەبووەوە و بێجگە لەوەی دەکەوتە بەر گلەیی و ڕەخنەی دەنگدەرانی لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی لەباریش بۆ کۆمارییەکان دروست دەبوو بۆ ئەوەی بانگشە بۆ ئەوە بکەن کە باراك ئۆباما نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات. سەبارەت بەوەشی چۆن ئەو مەترسیە دەڕەوێتەوە کە لەئاکامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەگەری ڕوودانی هەیە، تۆژەرانی بەناوبانگی




ئامۆژگای برۆکینگز بە تایبەتی کینس پۆلاك و مایکل ئۆهالۆن پێیانوایە باشترین ڕێگە ئەوەیە ئەمریکا بتوانێت هاوکاری عێراقییەکان بکات بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لەباڵیۆز جامیس دۆبینز کرد، ئەگەر ئەمریکا دوای جەژنی ڕەمەزان کاراتر بێتەوە ناو پرۆسەکە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق دەکات و پشتگیری حکومەتێکی چۆن دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: ((ئەمریکا باوەڕی وایە گرنگە هەموو پێکهاتە و گروپە تائیفییەکان بەشداری لەحکومەتدا بکەن و ئومێدی وایە هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان بەشداری لەهێنانەدی چارەسەرەکەدا بکەن و کوردەکانیش دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن لەهێنانەدی ئەو ئەنجامەدا)). هەموو ئەو وەڵامانەی کە باڵیۆز دۆبینز بەگوڵانی دایەوە شیکردنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن، بەڵام ئەوەی کە ئێمە مەبەستمان بوو بیکەینە دوا پرسیار، ئەم پرسیارە بوو: وڵاتێك نەتوانێت سەقامگیری خۆی دابین بکات و لایەنە سیاسییەکانی توانای ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەکتریدا نەبێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی فاشیلەو هیچ داهاتوویەکی نییە؟ ئایا چارەنووسی دەوڵەتی فاشیل بەکوێ دەگات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا زۆر بەکورتی پێی وتین: (پێناسەیەکی باشی دەوڵەتی فاشیل ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە لە شەڕی ناوخۆییدا بێت و ئەگەری ئەوەش هەیە عێراق بە چەشنی ساڵی ٢٠٠٦ بگەڕێتەوە بۆ دۆخی شەڕی ناوخۆیی)).


ئەم وەڵامە کورتە لەگەڵ ئەوەی ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە نەکراوە کە عێراق یەکێکە لە دەوڵەتە فاشیلەکانی جیهان، بەڵام ئەو ڕاستیەشی پێوتین ((ئەگەر عێراق ئێستاش دەوڵەتێکی فاشیل نەبێت، ئەگەری ئەوە هەیە لەداهاتوویەکی نزیکدا ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل)).

**دوای کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، هێزەکانی عێراق لەو ئاستەدا نین بتوانن سەقامگیری و ئاسایشی عێراق ڕابگرن**

**ئەگەر عێراق ئێستاش دەوڵەتێکی فاشیل نەبێت، ئەگەری ئەوە هەیە لەداهاتوویەکی نزیکدا ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل**


## مەنسور موعەدیل بۆ گوڵان:

# کە جۆزیف بایدن نەتوانێت کێشەی عێراق لەچەقبەستوویی رزگار بکات مانای ئەوەیە کێشەکە لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئەمریکادایە



# دەبێت سیاسییەکانی عێراق بیر لەبەرژەوەندی عێراق بکەنەوە

**مەنسور موعەدیل**



مەنسور موعەدیل ئوستادی سسیۆلۆژیە لەزانکۆی ئێست میشیگان و شرۆڤەکارێکی بەناوبانگی باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران و عێراقەو یەکێکە لەو تۆژە جیهانییانەی چەندین شرۆڤە و بابەتی گرنگی لەسەر بارودۆخی سیاسیی عێراق نووسیووە، سەبارەت بە باری ئێستای عێراق و مەترسی دواکەوتنی حکومەتی عێراق پرسیارمان لە پرۆفیسۆر موعەدیل کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: ((دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و بەردەوامی ناکۆکی نێوان نوخبە سیاسییەکان، کاریگەری پێچەوانەی دەبێت لەسەر سەقامگیری سیاسی و لەسەر مەعنەویاتی خەڵکی وڵاتەکە، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت سیاسییەکانی عێراق بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان بخەنەلاوە و بیر لەبەرژەوەندی عێراق بکەنەوە، چونکە بەردەوامبوونی دۆخەکە بەو شێوەیەی ئێستا هەیە، تەنیا دەبێتەهۆی هەڵکشانی کارە توندوتیژییەکان. هەروەها خاڵی گرنگ کە جەختی لەسەر دەکەمەوە ئەوەیە، دەبێت سیاسییەکانی عێراق ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکە لەبەرچاوبگرن، هەروەها پێموایە دەبێت هێزە ناسیۆنالیستەکان و ئەو هێزانەی باوەڕیان بەجیاکردنەوەی ئایین لەدەسەڵات هەیە، فشاری خۆیان چڕبکەنەوە بۆئەوەی سیاسییەکان ناچار بەپێکهێنانی حکومەت بکەن. بۆ نموونە لەرێی خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزاییەوە. کە پێموایە تاوەکو ئێستا ئەندامانی پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکە وەك کورد و شیعە و سوننەکان فشاری پێوستیان لەسەر سەرکردەکانیان دروست نەکردووە بۆئەوەی نەرمی بنوێنن و حکومەتێکی هاوپەیمانێتی پێکبهێنن. واتە لەمڕووەوە دەبێت رۆشنبیران و سیاسییەکان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبێت و کار بۆ پتەوکردنی باوەڕبوون بەیەکێتی عێراق بکەن لەنێوان تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگەدا)).

ئەوەی پرۆفیسۆر ئاماژەی پێدەکات لەوانەیە بۆ عێراقییەکان کە جیاوازی ئیتنی و ئایینی بەشێوەیەکی زۆر رەگی تیادا کوتاوە کارێکی ئاسان نەبێت و لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمریکا لە عێراقدا بوونی کاریگەری هەیە و رای گشتی عەرەبی عێراقیش بەسوننەو شیعەوە دژی ئەو بوونەن لەرێگەی میدیاکانەوە و دەشزانن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێتەوە، هەربۆیە سەبارەت بەرۆڵی ئەمریکا لەم پرۆسە سیاسییە لێمان پرسی بەوەی ئایا ئەمریکا لەم بارودۆخەدا دەتوانێت چ رۆڵێك بگێڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا وتی: ((ئەمریکا چەندین هەڵەی کردووە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا، هەروەها ئەو راستیەی جۆزیف بایدن نەیتوانی ئەو چەقبەستنە سیاسییەی عێراق بشکێنێت، ئاماژەیە بەوەی سەرچاوەی کێشە و چارەسەری کێشەکە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەمریکادایە. کەواتە ئەمریکا شکستی هێناوە لەوەی لایەنە ناکۆکەکان بگەیەنێتە رێککەوتنێکی هاوبەش، بەڵام ئەم شکستەی ئەمریکا نابێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بەڵکو پێموایە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بەوە هەیە تێکڕای سەرکردەکان، بەسەرکردەکانی کۆمەڵگە و سەرکردە ئایینییەکانیشەوە بگەنە سازش و رێککەوتنێك لەنێو خۆیاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە ئەوەیە هیچ لایەنێکی عێراق زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە)).

بەڵام سەبارەت بەوەشی ئایا کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بارودۆخەکە لەرووی سەقامگیری و ئاسایشەوە بەرەو ئاڵۆزتر نابات، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر مەنسور بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: ((ئەمە یەکێکە لەئەگەرەکان و ئەم مەترسیە لەئارادایە، بەڵام هێشتا دۆخی عێراق نەگەیشتۆتە قۆناغێك پێشبینی هەرەسهێنانی لێبکرێت، لەلایەکی دیکەوە زۆرینەی عێراقییەکان لەگەڵ ئاوێتەبوونی نەتەوەییدان، هەروەها نایانەوێت وڵاتەکەیان بەسەر کورد و سوننە و شیعەکاندا دابەش بێت و لەهەمان کاتدا خوازیاری جیاکردنەوەی ئایینن لە سیاسەت، لەبەر ئەوە کاتێك تێڕوانین و هەستی عێراقییەکان لەبەرچاو دەگیرێت، ئەوا بوارێك بۆ گەشبینی دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پشتگیرییەکی زۆر کەم لەناو خەڵکی عێراقدا هەیە بۆ دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی. لەلایەکی دیکەوە هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ئەگەر دۆخەکە بەرەو خراپتربوون بچێت، ئەوا پێویستە ئەمریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیدا بکات لە ئاست وڵاتەکەدا. هیوادارم ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکات و پلانی ئامادەی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا ئەگەر هاتوو بەرەو هەڵکشان و ئاڵۆزبوونی زیاتر چوو. لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا عێراق کارەساتی مرۆیی زۆری بەسەردا هات، بەڵام پێموایە دۆخە سەخت و مەترسیدارەکەمان تێپەڕاندووە، لەبەر ئەوە گەشبینم و باوەڕم بەتوانا و ژیری عێراقییەکان هەیە بۆ ئەوەی لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا حکومەتێکی سەقامگیر و کارا بهێننەئاراوە، گەشبینی من لەوەوە سەرچاوە دەگرێت خەڵکی عێراق بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لە توندڕەوی سیاسی و لە شەڕی ناوخۆیی و لەتوندوتیژی ناکەن)).

بەڵام وەك واقیعی عێراق دەبینین گەلێك جار بارودۆخی ئیقلمیش کاریگەری گەورەی لەسەر رەوشی سیاسیی عێراق هەیە، لەمبارەوە و سەبارەت بەکاریگەری دەوڵەتانی دراوسێش لەسەر باری عێراق، پرۆفیسۆر موعەدیل وتی: ((پێموایە ئێران رۆڵێکی سلبی دەبینێت لەعێراقدا و رۆڵی ئێران لەو وڵاتەدا دەبێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکی و دابەشبوون. لەهەمان کاتدا عێراق بەو دەوڵەتانە دەورە دراوە کە دەوڵەتگەلێکی

تاکڕەون و خوازیاری گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی نین لە عێراقدا. کەواتە هیچ گومانێك لەوەدانیە ئەم دەوڵەتانە هەوڵی ئەوە دەدەن بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بشکێننەوە، بەڵام بە تێڕوانینی من سەرچاوەی کێشەکە لە نێو خودی لایەنە عێراقییەکان خۆیاندایە. بەڵام بەم شێوەیە لە بارودۆخەکە ناڕوانم، زیاتر گەشبینم بە داهاتووی عێراق، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە وڵاتانی دیکەش ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و پشێوی و ناکۆکی ئیتنی بوونەتەوە و توانیویانە بەسەریدا زاڵبن. پێموایە ئەو کاتە دەتوانین نائومێد بین لە بارودۆخەکە و چاوەڕوانی هەرەسهێنانی لێبکەین کە خەڵکی وڵاتەکە پشتگیری لە شەڕ و ناکۆکی بکەن، بۆ نموونە هۆکاری ئەوەی هەلومەرجی وڵاتی یۆگسلافیا بەو چارەنووسە گەیشت کە بینیمان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە خەڵکی وڵاتەکە پاڵپشتی شەڕە ناوخۆییەکەیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەم حاڵەتە لە عێراقدا بەدی ناکەین. کێشە سەرەکیەکەی عێراق لەخەڵکی وڵاتەکەدا نییە، بەڵکو لە بێتوانایی سیاسییەکاندا لەچارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان. واتە شیعە و سوننە و کوردەکان خوازیاری دروستبوون و درێژەکێشانی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی نین. کەواتە بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیە، ئەوا ئەگەری پشتگیریکردنێکی بەرفراوان لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەوە لەشەڕێکی گەورە و بەربڵاو ئەگەرێکی لاوازە. کەواتە کێشەکە لەوەدایە کەسانێکی وەك مالیکی و عەللاوی ناگەنە ڕێککەوتن و سازشکردن لەسەر یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان، کە پێموایە دەبێت ئاگادار بکرێنەوە لەدەرئەنجامی شکستهێنانیان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا و چۆن ئەم دەرئەنجامانەش مایەی کارەسات دەبن بۆ خەڵکی عێراق. کێ دەزانێت ڕەنگە چارەسەرەکە لە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا بێت، ئەمە هەندێجار ڕوودەدات، هەرچۆنێك بێت پێموانیە بتوانین بڵێین لەبەر بوونی کێشە و ناکۆکی سیاسی ئەوا وڵاتەکە هیچ داهاتوویەکی نییە. چونکە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت عێراقییەکان بۆ ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لەسایەی حکومڕانێتیەکی دیکتاتۆریدا ژیاون و فێربوون و مومارەسەکردنی ڕێسا دیموکراتییەکان پێویستی بە کاتە. بەڵام زۆر گەشبینم بە داهاتووی وڵاتەکە.



**دەبێت هێزە ناسیۆنالیستەکان فشاری خۆیان چڕبکەنەوە بۆئەوەی سیاسییەکان ناچار بەپێکهێنانی حکومەت بکەن**

**عێراق بەو دەوڵەتانە دەورە دراوە کە دەوڵەتگەلێکی تاکڕەون و خوازیاری گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی نین لە عێراقدا**

**دەبێت مالیکی و عەللاوی ئاگادار بکرێنەوە لەدەرئەنجامی شکستهێنانیان لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا، ڕەنگە چارەسەرەکە لە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا بێت**

# مەسەلەی پەچەو ململانێی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا


مەسەلەی بەیاسا قەدەغەکردنی پەچە لەفەرەنسا هەرایەکی زۆری نایەوە. دەرچوونی یاساکە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو چونکە فەرەنسا لەپارەوە لەم مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە. دەرکردنی یاساکە لەناو کۆمەڵەی نیشتمانیدا هیچ بەربەستێکی نەهاتەرێ و لەسەرجەمی ٥٥٧ ئەندام، ٣٣٥ ئەندام دەنگیان بەیاساکە داو تەنیا یەك کەس دژی بوو.

دیارە لەم بارەیەوە حکومەت و شەقام هاوڕا بوون. راپرسییەکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی بیۆ نیشانی داوە کەزیاتر لە ٨٢٪ی فەرەنسییەکان پشتگیریی قەدەغەکردنی پەچە دەکەن. دەرکردنی یاساکە لەفەرەنسا رەنگە ببێ بەمایەی هاندانی وڵاتانی تر بۆ لاسایی کردنەوەی فەرەنسا، بەتایبەتی کە راپرسییەکەی بیۆ نیشانی داوە کە ٧١٪ی هاووڵاتییان لەئەڵمانیاو ٦٢٪ لەبریتانیاو ٥٩٪ لەئیسپانیا پشتگیریی دەرکردنی یاسایەکی وا دەکەن. بەڵام فەرەنسا یەکەم وڵات نییە پەچەی قەدەغە کردبێ. پێش ئەو، بەلژیك لەنیسانی رابردودا بۆ یەکەم جار لەئەوروپا یاسای قەدەغەکردنی پەچەی دەرکرد.

فەرەنسییەکان پەچە بەمایەی هەڕەشە بۆ سەر بەها فەرەنسییەکان دادەنێن بەڵام هەمو رۆژئاوا ئەم بۆچوونەی نییە. راپرسییەکەی بیۆ نیشانی داوە کەزۆربەی ئەمریکییەکان رازی نابن لەئەمریکا یاسایەکی وا دەرچێ. وەزیری کۆچی بریتانیا دامیان گرین لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی «گاردیان» دژی قەدەغەکردنی پەچە وەستایەوەو وای دانا کەئەم قەدەغەکردنە «لەگەڵ بەهاکانی لێبوردەیی و رێز لەیەکتری گرتن ناگونجێ». تارانە گاجار جارفین لەرۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەقەدەغەکردنی پەچە لەگەڵ ماددەی ١٨ی چارتەری جیهانیی مافی مرۆڤدا وێك نایەتەوە کەماددەیەکە ئازادیی هەڵبژاردنی ئایین و پابەندبوون بەفەرمان و رێنماییەکانی بە بەشێکی ئازادیی ئایینی دادەنێ.

لەهەمو ئەوروپادا گەورەترین رەوەندی موسڵمان لەفەرەنسادایە. بەڵام بەکردەوە، یاساکە ژمارەیەکی کەمی ژنە موسڵمانەکان دەگرێتەوە چونکە هەموو ژنە موسڵمانەکانی فەرەنسا پەچە ناپۆشن و لەنێو ٦٢ ملیۆن کەسدا کەژمارەی دانیشتووانی فەرەنسا پێکدێنن، تەنیا دوو هەزار ژنی پەچەپۆش هەیە. بەڵام بەهۆی یاساکەوە دەشێ پیاوان بەیەك ساڵ زیندانی کردن سزا بدرێن، ئەگەر ژنەکانیان یان کچەکانیان ناچار بکەن پەچە بپۆشن و بەم پێیە سزاکەی پیاوان لەسزای ژنان قورسترە چونکە ژنەکان بەبڕێك پارە لێی دەردەچن.

بەدڵنیاییەوە داپۆشینی دەموچاو کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هیچ دەوڵەتێك نییەو مەسەلەکە هەم بەشێکە لەئازادیی کەسی و هەم رەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی تایبەتە لەئایین. بەڵام دەبێ ئەوە روون بێ کە پەچە رەنگدانەوەی زێدەڕۆیی کردنە لەپابەندبوون بەرێنماییەکانی ئیسلام، چونکە دەقە پیرۆزەکان پەچە بەسەر موسڵماندا ناسەپێنن و ئەم دیاردەیە زۆرتر لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا سەری دەرهێناوە نەك زووتر. گومان لەوەدا نییە کەشەپۆلی بەرپەرچدانەوەی روخسارو سیمبولە ئیسلامییەکان لەئەوروپا، زۆرتری بۆ پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دەگەڕێتەوە کەدیارە ئەم رووداوە بۆتە مایەی گەورەبوونی کەلێنی کەلتوری- ئاینیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاواو ئەم دیاردەیەش زۆرتر لەکۆمەڵگا ئەوروپاییەکاندا رەنگ دەداتەوە.



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

هۆی بەهێزبوونی بانگەواز لەئەوروپا بۆ قەدەغەکردنی پەچە، لەهەندێ رووەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهەندێ لەوڵاتە موسڵمانەکان، بەتایبەتی ئێران و سعودیە، جلێکی تایبەت بەسەر ژناندا دەسەپێنن کەپێیان وایە لەگەڵ بەها ئاینییەکاندا گونجاوترە. ئەمەش بیانوی داوەتە ئەوروپاییەکان کە بەو جۆرە سەیری مەسەلەکە بکەن کەهەموو دەوڵەتێك مافی خۆیەتی بەو چەشنەی کە بەپێویستی دەزانێ، بەها کەلتورییەکانی خۆی بپارێزێ. بەڵام بیانووەکان هەر چییەك بن، قەدەغەکردنی پەچە دەریدەخا کەخەریکە پەراوێزی لێبوردەیی ئایینی لەئەوروپا بەرتەسکتر دەبێ و ئەو ئەوروپایەی کەجاران بەگیانی لێبوردەیی و کرانەوە بەڕووی کەلتوورەکاندا ناسرابوو، خەریکە نامێنێ و ئەوروپایەکی تر جێی دەگرێتەوە کە بەقەد جاران ژیرانە هەڵسوکەوت ناکات.



محەمەد بن هەمام لە ساڵی ١٩٤٩ لە وڵاتی قەتەر لە دایکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ئێستا سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیایە و لە ساڵی ١٩٩٦ تا ئێستا ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتیە، سەرەتا بۆ ماوەی ساڵێك لە وڵاتی قەتەر سەرۆکی یانەی رەیان بوو، دواتر کرایە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی قەتەر.

محەمەد بن هەمام لەگەڵ گەیشتنی بۆ شاری هەولێر لە لێدوانێکیدا وتی: دیداری سەرۆك بارزانی شانازییە بۆ من و حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێت.

هاتنی هەمام بۆ کوردستان دەستکەوتێکی ترە بۆ وەرزشی کوردستان، چونکە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بەرپرسێکی گەورەی وەرزشی نەهاتۆتە عێراق، لە هەمان کاتتدا ئەم سەردانە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە بن هەمام لە نزیکەوە ئاگاداری ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو و هەروەها یاریگە وەرزشیەکانی شاری هەولێری بەسەرکردەوە و سەردانی پرۆژەی گۆڵی کرد، کە لە هەولێر ئەنجام دەدرێت، لە هەمان کاتتدا چاوی بە سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کەوت و لە نزیکەوە ئاگاداری بایەخپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزش بوو، دواتر سەردانی یانەی وەرزشی هەولێری کرد و ئاگاداری پێشکەوتنی ئەم یانەیە بوو لە هەموو روویەکەوە ئەمەش بووە جێگەی دڵخۆشی بن هەمام و تەئکیدی کردووە، کە هەولێر دەبێتە شوێنی میوانداریکردنی گشت یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەکانی عێراق و هەروەها دەتوانێت میوانداری گەورەترین پاڵەوانییەتی بکات، چونکە هەموو پێداویستیەکان لەم شارە دابین کراون، لە دەرفتێکدا چاوپێکەوتنێکی تایبەتمان بە گوڵان لەگەڵ دووەم کەسایەتی وەرزشی لە جیهان ئەنجام دا، کە تیاییدا باسی هەڵبژاردەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و پرۆژەی گۆڵ و یانەی هەولێر و بایەخدانی حکومەتی هەرێم بە وەرزش دەکات.

دیمانە: رێبین رەمزی

## محەمەد بن هەمام لە دیدارێکی تایبەتی گۆڤاری گوڵاندا:

# ئابڵوقەی وەرزشی تەنیا لەسەر هەولێر هەڵگیراوە ئەو تیپەی نەیەتە هەولێر بە دۆڕاو دادەنرێت



*** چاوپێکەوتنی بەرێزتان لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆن بوو؟**

- بەڕاستی چاوپێکەوتنێکی سەرکەوتوو بوو، جەنابی سەرۆك ئاگاداری گشت چالاکییە وەرزشییەکانی کوردستان و عێراق و جیهانە، لەم چاوپێکەوتنە باس لەچۆنیەتی پێشکەوتنی تۆپی پێ لە عێراق کرا و پشتگیری جەنابیان بۆ وەرزشی عێراق بە گشتی و تۆپی پێ بە تایبەتی کرا، ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دەستخۆشیمان لە جەنابیان کرد بۆ ئاسانکاری کردنی بۆ هەر چالاکییەکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کە لە هەولێر ئەنجام دەدرێت، لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکە پەیمانی پێداین کە لەپاڵپشتیکردنی وەرزش بەردەوام بێت و چەندین پرۆژەی وەرزشی لە شارەکانی کوردستان بکاتەوە، وەکو دروستکردنی یاریگە و هۆڵ و چەندین شتی تر، ئەوەی ڕاستی بێ زۆر شانازی بە چاوپێکەوتنی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم.

*** چۆن دەڕوانتیە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزشی کوردستان؟**

- ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی تەواوی وەرزشی عێراق دەکات و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین کردوون، ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ وەرزشوانانی عێراق.

*** سەردانتان بۆ کوردستان بە داوەتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت، دەبوایە زووتر سەردانی هەولێر بکەم بە تایبەتی لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی ئاسیا بۆ لاوان کە لەشاری هەولێر ئەنجام درا، ئەوکات بەفەرمی داوەتی شاری هەولێر کرام و هەروەها لەکاتی یاری جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ لەنێوان هەردوو یانەی هەولێر و کوەیتی کوەیتی، بەڵام بەهۆی کاری تایبەتی خۆم نەمتوانی ئەوکات بێمە هەولێر، لێرەوە زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەکەم کە منیان داوەتی کوردستان کردووە، ئەمە یەکەمجارە





دەستەی گشتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەتوانن بە بۆچوونی خۆیان شیاوترین کەس بۆ یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەستنیشان بکەن





وەکو یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دەستخۆشیمان لە جەنابی سەرۆک بارزانی کرد بۆ ئاسانکاری کردنی بۆ هەر چالاکییەکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کە لە هەولێر ئەنجام دەدرێت

سەردانی کوردستان دەکەم.

*** ئامانجی سەردانەکت بۆ شاری هەولێر چییە؟**

- ئەوەی راستی بێت ئامانجی سەردانەکەم بۆ سەیرکردنی یاریگە وەرزشییەکانی شاری هەولێرە و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەمنی ئەمشارە بم، لەهەمان کاتدا دەمەوێ پرۆژەی گۆڵ بەسەر بکەمەوە، کە قۆناغێکی لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە، من سەرۆکی ئەم پرۆژەیەم لەیەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێی (فیفا)، بەڵام بە گشتی ئەم سەردانەم بۆ هەولێر زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو بارودۆخەکان بم.

*** دوای ئەوەی سەردانی پرۆژەی گۆڵ-ت کرد، ئەم پرۆژەیەت چۆن بینی؟**

- ئەمە دووەم پرۆژەیە لە عێراق ئەنجامی دەدەین، دوای ئەوەی لە پرۆژەی یەکەم باڵاخانەی یەکێتی تۆپی پێی عێراقمان نوێکردەوە، پرۆژەی دووەمی گۆڵ لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت دوا بەدوای فەرمانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاری هەولێر بە سوپاسەوە پارچە زەوییەکی پێشکەش کردین بۆئەوەی بتوانین ئەم پرۆژەیە لەهەولێر بە ئەنجام بگەیەنین، پرۆژەکە پێکهاتووە لە شوێنی حەوانەوەی یاریزانان و یاریگایەکی بچووک بۆ ئەنجامدانی ئۆردوگای مەشقی و ژووری لێهاتوویی جەستە و ژووری ساونا و چەند هۆڵێك بۆ کۆبوونەوەو پێشوازی جگە لەمەش ۲۱ هەزار مەتر دووجا زەوی ئامادەکراوە بۆ ئەوەی بتوانین چەند یاریگایەکی تر دروست بکەین بۆ مەشقکردن. رەنگە لەساڵی داهاتوو دەست بە دروستکردنی ئەم یاریگایانە بکەین لەگەڵ چەند پرۆژەیەکی تری ئاسانکاری، هەوڵ دەدەین پرۆژەی سێیەم و چوارەمی گۆڵ لە عێراق ئەنجام بدەین، تا رادەیەکی زۆر ئەم دوو پرۆژەیە هەر لە هەولێر دەبێت.

*** دوای تەواوبوونی پرۆژەکانی گۆڵ پرۆژەی دیکەتان لەبەر دەستە؟**

- بەڵێ، دوای تەواوبوونی پرۆژی گۆڵ هەوڵ دەدەین یاریگایەکی گەورە بە چیمەنی دەستکرد دروست بکەین بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێك بۆ تۆپی پێی عێراق.

*** چۆن دەڕوانیتە شاری هەولێر؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەمشارە زۆر سەرنجی راکێشام، لە پاك و خاوێنی و جوانی هەولێر و هەروەها شوێنی حەوانەوەی یەکجار جوانی تێیدایە، بەڕاستی ئەمشارە شایستەی میوانداریکردنی گەورەترین پاڵەوانیەتییەکانە، جا چ لەسەر ئاستی ئاسیا یاخود عەرەبی یان کەنداو بێت، ئەوەی زیاتر دڵی خۆش کردم خەڵکی ئەم شارەیە، کە پێشوازیەکی گەرمی لێکردین بە لێوی بە خەندەوە دێنە لامان، لە شاری هەولێر زۆر دڵخۆشم.

*** دوای ئەوەی یانەی هەولێر بەهۆی راگرتنی تۆپی پێی عێراق لە جامی یەکێتی ئاسیا دوورخرایەوە، ئایا لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو قەرەبووی یانەی هەولێر دەکرێتەوە؟**

- بەهۆی دەست تێوەردانی حکومەت و لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق لە کاروباری یەکێتی تۆپی پێی عێراق، ئەمەش بووە هۆکاری راگرتنی تۆپی پێی عێراق لەم کاتەدا، بۆیە یانەی هەولێر لەجامی یەکێتی ئاسیا دوورخرایەوە، بە پێی یاسای ناوخۆی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، کە هیچ یانەیەك مافی بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی داهاتووی نییە ئەگەر لە یەکێك لە پاڵەوانیەتییەکان دوورخرایەوە، بۆیە یانەی هەولێر ناتوانێت بەشداری لە پاڵەوانیەتی جامی یەکێتی ئاسیا بکات لە وەرزی داهاتوو ئەگەر نەبێتە پاڵەوان یا پلەی دووەم بە دەستبهێنێت، جێگەی داخ بوو، کە ئەم پاڵەوانیەتیە یانەیەکی وەکو یانەی هەولێری لە دەستدا، بۆیە هیوادارین یانەی هەولێر بتوانێت لە داهاتوودا بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی ئاسیا بکات.

*** یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریریت چۆن بینی؟**

- یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا پێشتر ئەم یاریگایەی بۆ یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیا و یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان بەکار هێنا، دوای ئەوەی لە نزیکەوە ئەم یاریگایەم بینی، بەڕاستی یاریگایەکی خۆشە.

*** یانەی هەولێرت چۆن بینی؟**

- زۆر شانازی بەم یانەیە دەکەم، چونکە لەم یانەیە هەموو پێداویستیەکی تێیدا دابین کراوە، وەکو لایەنی دارایی، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتێکی گەورەی ئەم یانەیە دەکات و لایەنی بازرگانی، کە ئێستا چەندین پرۆژەی بازرگانی ئەنجام داوە بۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێت لە داهاتوودا و هەروەها یاریزانەکانی ئەم یانەیە جێگەی رێزن، لە هەمان کاتدا خاوەن دەستەی کارگێڕی و سەرۆکێکی نموونەییە، بۆیە هەموو شتێك لەم یانەیە نموونەییە.

*** ئایا ئابڵوقەی وەرزشی تەنیا لەسەر شاری هەولێر هەڵگیراوە؟**

- هەر شارێك بارودۆخی ئەمنی گونجاو بێت، دەتواندرێت یارییە نێودەوڵەتییەکان لەو شارە بەڕێوە بچێت، بەڵام ئێستا تەنیا تەرکیزمان لەسەر شاری هەولێرە و ئابڵوقەی وەرزشی تەنیا لەسەر شاری هەولێر هەڵگیراوە، لە داهاتوودا ئەگەر لە هەردوو شاری سلێمانی و دهۆك هەموو پێداویستییەکان دابینکرا، ئەوە لیژنەیەکی تایبەت دەنێرینە ئەم دوو شارە، ئەوکات ئەوان بڕیاری خۆیان دەدەن.

*** ئایا یارییە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە چ شوێنێك ئەنجام دەدرێت؟**

- بە بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ئابڵوقەی وەرزشی لەسەر شاری هەولێر هەڵگیرا، بۆیە ئێستا گشت یارییە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەکانی عێراق تەنیا لە هەولێر ئەنجام دەدرێت و دەبێت گشت هەڵبژاردەکان، کە دژی عێراق یاری دەکەن بێنە هەولێر، ئەمە بڕیاری کۆتاییە و پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە، لەهەمان کاتدا رێگە بەهیچ یانەیەکی عێراق نادەین لە پاڵەوانیەتییەکانی ئاسیا لە دەرەوەی شاری هەولێر یاری بکات.

*** ئەگەر هەڵبژاردەکان یان یانەکان ئامادە نەبوون بێنە هەولێر، بڕیاری ئێوە چی دەبێت؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەمە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتیە، کە شاری هەولێر میوانداری هەر چالاکییەکی نێودەوڵەتی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی تەواوی وەرزشی عێراق دەکات و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین کردوون**

**پرۆژەی گۆڵ دووەمین پرۆژەی وەرزشییە کە لەسەر ئاستی عێراق و لە هەولێر ئەنجام دەدرێت**



**هەوڵ دەدەین یاریگایەکی گەورە بە چیمەنی دەستکرد دروست بکەین بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێک بۆ تۆپی پێی عێراق**

بکات، بۆیە دەبێت گشت هەڵبژاردەکان یا یانەکان بێنە شاری هەولێر بۆ ئەوەی یارییەکان ئەنجام بدەن، ئەوەی ئامادە نەبێت ئەوە بەپێی یاسا یارییەکەی بە دۆڕاو دادەندرێت و دواتر یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و یەکێتی تۆپی پێی نێودەڵەتی سزای خۆی دەدات و یەکێتی تۆپی پێی عێراق قەرەبووەی یاسایی وەردەگرێت لە تیپی بەرامبەر.

*** دەستنیشانکرنی شاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر داواکاری حوسێن سەعید بوو یا بە بڕیاری فیفا و یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بوو؟**

- دەستنیشانکردنی شاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و نێودەوڵەتی بوو، چونکە نوێنەری هەردوو یەکێتی دەبێت لە هەڵبژاردنەکان ئامادە بێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە دیموکراسی بەڕێوە بچێت.

*** بڕیاری ئێوە چییە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق؟**

- ئەوەی راستی بێت ئێمە هیوادار بووین کە هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لە کات و ساتی خۆی ئەنجام بدرابایە، بۆ ئەوەی تۆپی پێی عێراق لەم قەیرانەی ئێستا رزگاری بێت، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەك، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و عێراق و فیفا بوو، بۆیە بڕیاری نوێکردنەوە بۆ ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق درا بۆ ماوەی ساڵێك. بۆیە هیواداریین بە زووترین کات ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت، چونکە هەڵبژاردن باشترین پرۆسەی دیموکراسییە و دەستەی گشتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەتوانن بە بۆچوونی خۆیان شیاوترین کەس بۆ یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەستنیشان بکەن.

**هەولێر دەبێتە شوێنی میوانداریکردنی گشت یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق**

*** ئایا ئەم سەردانە بۆ پاڵپشتی کردنی**





گشت یارییە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەکانی عێراق تەنیا لە هەولێر ئەنجام دەدرێت

**حوسێن سەعید بوو بە مەبەستی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق؟**

- ئێمە پاڵپشتی لە تۆپی پێی عێراق و وەرزشی عێراق و یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەکەین، هەر کەسێك ببێتە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەلای ئێمە گرنگ نییە و هیچ جیاوازییەکی نییە و پشتگیری لە هیچ کەسێك ناکەین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی یەکێتی تۆپی پێی عێراق.

*** ئایا پشتگیری لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەکەن؟**

- ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ئامادەین پشتگیرییەکی تەواوی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بکەین بۆ ئەوەی بتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت و بەشداری لە هەموو چالاکییە نێودەوڵەتییەکان بکات.

*** چۆن دەڕوانیە دەست تێوەردانی حکومەتی عێراق لە کاروباری یەکێتی تۆپی پێی عێراق؟**

- بەپێی یاساکانی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی کە باس لەوە دەکات دەبێت وەرزش و سیاسەت لە یەك جیاواز بکرێتەوە، ئێمە دژی دەستێوردانی حکومەتین لە کاروباری یەکێتی تۆپی پێی عێراق، یا هەر وڵاتێکی تر، ئێمە دەستخۆشی لە حکومەتێ دەکەین ئەگەر پاڵپشتی یەکێتیەکان بکات و لەلایەنی داراییەوە و ئاسانکارییان بۆ بکات.

*** چۆن دەڕوانیتە میوانداریکردنی شاری بەسرە بۆ جامی کەنداو؟**

- ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا پشتگیرییەکی تەواوی میوانداریکردنی شاری بەسرە بۆ جامی کەنداو دەکەین، هیواداریین لە داهاتوودا گشت شارەکانی عێراق بتوانن میوانداری یارییە نێودەوڵەتیەکان بکەن.

دەستنیشانکردنی شاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بریاری یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و نێودەوڵەتی بوو

*** دوا وتەت بۆ خەڵکی کوردستان چییە؟**

- هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و سوپاسی ئەم پێشوازیەیان لێدەکەم.



# ڕێزدار دێزمۆند تۆتۆ:
# وتەی چاك ڕەواجی نییە!



فەلەکەدین کاکەیی

(١)

دێزمۆند تۆتۆ کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناسراوی باشووری ئەفریقایە و، ئاشتیخوازێکی نێو نەتەوەییە، دۆستی گەلی کورد و لایەنگری مافەکانییەتی و، پشتیوانی چارەسەری ئاشتییانەیە، لە باشووری ئەفریقا، هەروەها کەسایەتی پەرلەمانی و شارەوانی و ڕووناکبیری پشتیوانی کورد و، کۆمیتەی پارێزگاری لە مافی کورد، هەنە.

تۆتۆ لە کۆتایی مانگی گەلاوێژ، پەیامێکی نووسیوە، بۆ ڕەجەب تەیب ئۆردوگان، سەرەکوەزیرانی تورکیای بنێرێت، نیگەرانی و پەژارەی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە نوێبوونەوەی شەڕوپێکدادان لە نێوان سوپای تورکیا و هێزی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەر بۆیەش داوای کردووە، ئەو توندوتیژییە دەستبەجێ رابگیرێت و، حکومەتی ئۆردوگان ڕووبکاتە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی کورد، چونکە چارەسەری ئاشتییانە تاکە ڕێگەی چارەسەری دروستی پرسی کوردە، تا چیتر خوێنی گەنجانی تورک و کورد نەڕژێت.

(٢)

دێزمۆند تۆتۆ ویستبووی پەیامەکەی ڕاستەوخۆ بەدەستی تەیب ئۆدۆگان بگەیەنێت، هەر بۆیەش نوێنەرێکی تۆتۆ و چەند ئاشتیخوازی باشووری ئەفریقا لەسەردانی باڵیۆزی تورکیا لەو وڵاتە، ویستبوویان پەیامەکە ڕادەستی باڵیۆز بکەن، بەڵام ئەم ڕەتیکردۆتەوە، واتە: حکومەتی تورکیا پەیامی ئاشتیخوازانەی تۆتۆی وەرنەگرتووە، کە تێیدا بە ئوردۆگان دەڵێ:

- خەریکی پارێزگاریت لە غەزە و مافی فەلەستینییان، لە کاتێکدا هاوڵاتیانی کوردتان لە تورکیاش پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانییە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسەکەیان.

(٣)

سوپاسی بێسنوور و ڕێزمان بۆ تێکۆشانی ئاشتیخوازانەی دێزمۆند تۆتۆ، سوپاسی گشت دۆستانی کورد لە باشووری ئەفریکا دەکەین.

جا، چ ئەم نامەیەم بەدەستی بگات یا نەگات، بۆ ئەم مرۆڤدۆست و ئاشتی پەروەرە دەنووسم:

- دێزمۆند تۆتۆ گیان:

زویر مەبە، بەس تۆی خێرخوازێت، کە داوات ڕەتدەکرێتەوە، وتەی چاك هێشتا ڕەواجی کەمە، یا ڕەواجی هەر نییە.

خۆ ئەگەر دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات گوێیان بە وتەی چاك بدابا، ئەوە زۆربەی گرفت و کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر دەبوون.

نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ بەرێ، زەردەشتی دانای ڕۆشنبیر، مرۆڤگەلی بۆ پەیڕەوکردنی سێ ڕەوشتی بەرز ڕێنومایی کردووە:

(بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك)

پاش ئەوەندە ساڵیش هێشتا ئەم پەیامە کورتە جێگەی لە دڵ و وێژدانی دەسەڵاتداراندا نەبووەتەوە.

گیانە:

تۆ وتەی خراپت نەنووسیوە، بیر چاکی خۆت دارشتووە.

وتووتە، ئاشتببنەوە و پێکەوە هاوکاری دەردی یەکتر ببن و بە ئارامی بژین.

خۆ بەس سەرەوەکوزیرانی تورکیا نییە کە پەیامی وەها، بە ئاسانی، ڕەتدەکاتەوە، هەرچەند باسی ئاشتبوونەوە و کرانەوە بەڕووی کوردا، لەسەر زارییەتی!

بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەدرێژایی سەدەی بیستەم، ئەم دەساڵەی سەدەی بیستوویەکەمیشی لەگەڵدابێ، وتەی چاك هەمیشە ڕەتکراوەتەوە، بەڵکو بە تاوانی گەورەیان زانیووە و تاربێژیان خستۆوەتە بەر ئەشکەنجە و ئازار و .. هەڕەشەی مەرگەوە.

وتەی چاکیان لە ئاستی هەر کێشەیەکی دیکەشیان ڕەتکردۆتەوە، نەبەس دەرهەقی پرسی کورد.

(٤)

خۆ ئەگەر، بۆ دەسەڵاتدارانی هەر وڵاتێکی کوردی تێدایە، بنووسن:

-( بیانگرە، بیانکوژن، ئەم کوردە یاخیبووانە لە ناو بەرن)

ئەوە یەکسەر نامەکەتان وەردەگیران و، دەیخەنە بان سەرا!

- خۆ ئەگەر بتنووسیبا:

-( ئەم کوردە نمەك حەرامانە شایانی مان و ژیان نین، هەمیشە ئاژاوەگێر و مایەی خراپی و تێکدانن... نەهێڵن بە زمانی خۆیان ورتەیان لێوەبێ، نەهێڵن قاچ درێژ بکەن.. نەهێڵن نینۆك دەربکەن...)

ئەوە، دەستبەجێ نامەکەیان لێوەردەگرتی و دەعوەتیانیش دەکردی بۆ گەشت و گوزار لە وڵاتەکانیان و...(خەڵاتیان) بۆ ئامادە دەکردی.

بەڵام جەنابتان، بە وتەیەکی چاکی ڕوون و کورت، نووسیووتە: کورد هاووڵاتیتانن، کێشەکەیان بە ئاشتی چارەسەر بکەن، لە تەکیان بکەونە گفتوگۆ....

ئالێرەدایە تۆ دەمارت گرتوون، چونکە (گفتوگۆ).. واتە: دانیشتنی بەرابەری دوولایەنی یەکسان)...

ئەوانیش، دروست ئەوەیان نەویستووە، لە هیچ وڵاتێکی (کوردنشینی) خۆرهەڵاتی ناڤین، نەیانویستوە کورد بەرامبەر خۆیان بناسن و، وەك بنیادەمی (نەوەی ئادەم و حەوا) بە مرۆڤیان بزانن و، بە خاوەنی ڕەز و باخ و گوند و ڕووبار و دەشت و چیای خۆیان بیانناسن.

وتەی چاك، هێشتا لە ناو خۆمانیشدا، قەومی زۆرلێکراون وەك پێویست ڕەواجی نییە، جا چ بگات بە زۆرداران!

تۆ هەوڵی خۆت داوە، وتەی چاکی خۆت دەرکاندووە، بیری چاکت چاندووە، ڕۆژی دێ، هەر وتەیەکی چاك لەسەر بنجی خۆی شین دەبێ و گوڵدەکات، بەو ئومێدە بژێین چاکتر لە پەژارەی نائومێدی.

# گەرمیان قوربانییەکی زۆرو



# خزمەتگوزارییەکی کەم



جووتیاران و گوندنشینەکانی گەرمیان هاوکاری و یارمەتی نادرێن ئیتر چۆن بەردەوامی بەکارەکانیان بدەن ؟؟

## مەلاسەعید سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان:

# هاووڵاتیانی گەرمیان لەکەموکورتی خزمەتگوزاری بێزار بوون

دەڤەری گەرمیان ئێستا لە هەرسێ قەزای کفری و کەلار و چەمچەماڵ و(٢٠) ناحیە و پتر لە (٩٠٠) گوند پێکهاتووە، دەڤەرێکی بەرفراوانە و رووبەرێکی زۆری کشتوکاڵی هەیە و لە بوارەکانی دانەوێڵە و باخ و بێستاندا دەوڵەمەندە، گەرمیان بەهۆی هەردوو قۆناغی شاڵاوی بەدناوەکەی ئەنفالەوە کە لە ساڵی ١٩٨٧ دا دەستی پێکردو زۆربەی شارۆچکە و گوندەکانی بەسەریەکدا خاپوور و وێرانکران و خەڵکەکەشی ئەنفال و دەربەدەرکران، بەمەش گشت خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە هەر لە کارەباوە تا دەگاتە تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە و رێگاو بانەکانی و ... تاد، تێکدران و بێسەروبەربوون. بە شێوەیەك کە تا ئێستاش لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەوە کێشە و گرفتی زۆرو زەوەندی هەیە و زۆربەیان بێ چارەسەر ماونەتەوە، بەڕێز مەلا سەعید سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لە دیمانەیەکی تایبەت بە(گۆڤاری گوڵان)دا لە بواری کشتوکاڵ و بەتایبەتی گەنم و جۆو سەوزە و میوە ئاماژەی بە گرنگی ناوچەکەدا، بەڵام بۆ ئەم کەرتە گرنگەش هاوکاری و پاڵپشتی جوتیاران نەکراوە، ئەگەر کار وا بڕوات خەڵکەکە ناتوانن لە ئیشکردندا بەردەوام بن، لەم دیمانەیەدا (گۆڤاری گوڵان) چەند پرسیارێکی لەسەرپەشتیاری ئیدارەی گەرمیان کرد کە تایبەت بوون بەکارەخزمەتگوزارییەکانی کە ئاماژەمان پێکرد و خەڵکەکەی گەرمیان رۆژانە دووچاری دەبنەوە و داوای چارەسەرکردنیان دەکەن، لەوانەی کەرۆژانە کاریگەری خراپی لەسەر داهات و ژیانیان کردووە خراپی و بێسەروبەری رێگاوبان و نەبوونی نەخۆشخانە و پزیشك و نەبوونی نەشتەرگەرییە لە نەخۆشخانەکان و نەبوونی ئاوی خواردنەوە .



ئەو نەخۆشخانە و سەنتەرانەی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دروستکراون بەپێی قەوارەی گەورەیی کارەساتەکە نین

### لەگەرمیان گرفتی رێگاوبان و نەبوونی سایلۆ ئاستەنگی خستۆتە بەردەم کاری جوتیاران

سەرەتا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵ لەناوچەکە و خراپی رێگاوبانی نێوان گوندەکان نێوان گوند و شارۆچکەکان و پاڵپشتی و هاوکاری نەکردنی جوتیاران و نەبوونی خزمەتگوزاری لە گوندەکاندا وتی:

گەرمیان ڕووبەرێکی بەرفراوان و زۆری کشتوکاڵی هەیە و پتر لە (٩٠٠) گوند لەگەرمیان ئاوەدانکراوەتەوە و لە بواری داهاتی دانەویڵە بەتایبەتی گەنم و جۆ لە کوردستاندا لە دوای پارێزگاری هەولێر بە پلەی دووەم دێت، ئەگەر هاوکاری و پاڵپشتی جوتیاران بکرێت بەرهەمی سەوزە و میوە پێداویستی بازاڕەکانی ناوخۆی پڕ دەکاتەوە و دەتوانرێ بۆ شارەکانی دیکەش بەرهەم بنێردرێت و هەندێ ساڵ گەنم و جۆ پترە لەبەشی خۆمان، بەڵام گوندەکان بەپێی پێویست گرنگییان پێنەدراوەو رێگاوبانەکان بە کەڵکی هاتووچۆکردن نایەن و زۆر بێسەروبەرن و لەکاتی هاتوچۆکردنیان بۆ بازاڕەکان تووشی زەحمەتی و ماندووبوونێکی زۆر دەبن و لە شارەکانی وەکو کەلار و کفری شوێنێکی شیاویان بۆ دیاری نەکراوە کە میوە و سەوزەکانیانی تێدا ساغ بکەنەوە و بیفرۆشن،لەلایەکی دیکەوە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بەپێی پێویست نییە، ئەگەر سێ گوند تا چوار گوند و پتر ئەوانەی سنووریان لە یەکتر نزیکە کۆبکرێنەوە و گوندێکی هاوچەرخ و جوانیان بۆ دروست بکرێت ئەوە خەڵکەکە زیاتر برەو بە کارەکانیان دەدەن و پێش دەکەون و دڵیان بە بەروبووم و ژیان و گوندەکەیان خۆش دەبێت .

بۆ هاوکاری و رێزگرتن لەماندوبوونی جوتیاران پێویستە بەرووبوومەکانیان بازاڕی بۆ دروست بکرێت و بۆ گەنم و جۆش پێویستە ساڵانە ئەوەی لێیان زیادە وەربگیرێت، بەڵام لەم بوارەدا گەورەترین گرفتمان هەیە چونکە بە هەموو گەرمیان یەك سایلۆمان نییە، ئەمساڵ کە داهاتی جوتیاران لە گەنم و جۆ زۆر بوو جوتیارەکان نەیاندەزانی بەرهەکانیان بۆ کوێ ببەن، هەندێکیان

کێشەوگرفتی زانکۆ لە گەرمیان پێوەندی بە دەسەڵاتی ئیدارەی گەرمیانەوە نییە

گەنم و جۆیەکەیان بۆ سلێمانی دەبرد تا نۆرەیان دەهات و بارەکانیان ئەوەندە لەسەر لۆری و قەلآبە دەمایەوە تەنیا کرێی بارەکەیان بۆ دەردەچوو،هەرچەندە ئێمە لە کەلار ناوەندێکمان دانا بۆ وەرگرتنی گەنم و جۆ، بەڵام ئەم شوێنەش بەشی نەکردوبۆیەقسەمان لەگەڵ بەغداکرد و بەشێك لە گەنم و جۆمان رەوانەی دبز کرد و جوتیاران جگە لەوەی بێزار بوون قازانجێکی واشیان نەکرد کە شایانی ماندوبوونەکەیان بێت، بەگشتی هاوکاری و پاڵپشتی بۆ جوتیاران و گوندنشینەکان بەپێی پێویستی ژیان و ماندووبوونەکەیان نییە، ئەگەر هەروا بڕوات و هاندان نەبێت ناتوانن لە گوندەکاندا بەردەوامی بە ژیان بدەن، گرفت و کێشەکانی گوندەکان بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و باخ و بێستانەدا یەکێکە لەو گرفتانەی کە راستەوخۆ ڕووبەڕوومان بۆتەوە و پێویستی بە چارەسەری خێرا هەیە.

### موچەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زیادکراوە،
### بەمەش بژێوی ژیانیان تا ڕادەیەک باشتربووە

لە گەرمیان مووچەی هەندێك لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بڕاوە یان ڕاگیراوە و، بە گشتی داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی ئەم ناوچەیە زۆرە، مەلا سەعید سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەمبارەیەوە وتی:

مووچەی کەس لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەبڕاوە، بەڵکو مووچەی هەندێ لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ڕاگیراوە و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، چونکە هەندێ لەم ئازیز و خۆشەویستانەمان هەڵە لە وەرگرتنی مووچەکانیان ڕوویداوە، کەسوکار هەیە کوڕ لەلایەك و دایك لەلایەك لە تەنیا خێزانێکدا مووچەکەی وەرگرتووە، هەیە کوڕیماڵەکە وەری دەگرێت، دایك و کەسوکاری دیکەشی داوای هەمان مووچە دەکەن ئەمەش نابێت، لەبەر ئەوەی یاسایەك بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و مووچەکانیان دەرچووە و ئەوەی لە دەرەوەی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی بێت پێداچوونەوە لە بارەی مووچەکەیەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی لای خۆشمان



لەلایەن حکومەتی کوردستان(١٠) ملیۆن دۆلار و لە بودجەی پەرەپێدانی گەرمیانیش (٦) ملیۆن دۆلار بۆ زانکۆ تەرخانکراوە

پێویستە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لە گەرمیان هەبێت، تا ڕاستەوخۆ کارەکان ئەنجام بدرێن

ڕێژەی بودجەی گەرمیان(١٢٪)ی بودجەی سلێمانییە بەڵام بەپێی ئەو ژمارەکردن و ناونووسینەی لەم دواییەداکراوە ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ(٢٠٪)







ئەگەر حکومەت یا وەبەرهێنەرو کەرتی تایبەت هاوکاری و یارمەتی گەرمیان بکەن دەتوانرێ کارگەی قووتوبەندی میوەجات و دۆشاوی تەماتە و شیرەمەنی و خشت و گەچ دروست بکرێن

پاش بەدواداچوونەکە کەسوکارەکان پارە و مووچەکانیان وەردەگرن واتە موچەی کەس نابڕدرێت.

داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە گشتی،داوای سەرەکییان خانووی نیشتەجێبوونە، لەماوەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر خانوویان بۆ دروستکراوە و لەم بودجەیەی کە کاک نێچیرڤان بارزانی بۆ گەرمیان تەرخانی کردووە ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاری بۆ خانووەکانی ئێستا کە تەواو بوون و ئەوانەش کە لە رابردوودا دروست کراون پێشکەش دەکرێن.

هەروەها لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە دەستکاری مووچەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کراوە و بەرەو باشی چووە، ئەمەش تا رادەیەك ژیانی باشترکردوون.

لە بارەی ئەو بارودۆخە دەروونی و تەندروستییەی تووشی ئەم کەسوکارانە هاتووە کاروپرۆژە ئەنجام دراوە ونەخۆشخانە و سەنتەریان بۆ دروستکراوە، بەڵام ئەمانەش بەپێی قەواری گەورەیی کارەسات و گرفتەکە نییە، پێویستە پرۆژە و نەخۆشخانەی هاوچەرخی تایبەتمەندیان بۆ دروست بکرێت.

تەرخانکردنی بڕی(٢٠٠) ملیۆن دۆلار لەلایەن رێزدار نێچیرڤان بارزانی هەڵمەتێکی فراوان و جۆراو جۆری لە پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان ئەنجامداوە هێشتا هەندێ پرۆژەی تەواو نەبوون

## کێشەوگرفتی زانکۆ پێوەندی بەدەسەڵاتی ئیدارەی گەرمیانەوە نییە

کەرتی خوێندن بەتایبەتی قۆناغی زانکۆ گرنگییەکی رادەبەدەری هەیە لەناوچەیەکدا کەبەردەوام فەرامۆشکراوەو ڕێگا نەدراوە پەیمانگاو زانکۆی تایبەت بەخۆی هەبێت،ئێستاکەش کێشەیەك لەبواری راگرایەتی زانکۆکە هەیە،سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئەوەی رەتکردەوە کەکێشەی دانانی سەرۆکی زانکۆو راگری کۆلێژەکان پێوەندی بەوانەوە هەبێت، چونکە ئەو کارانە راستەوخۆ پێوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوەیە. ئەوەشی راگەیاند :زانکۆی گەرمیان لەسەرەتای دروستبونییەوە لەلایەن حکومەتی کوردستان(١٠) ملیۆن دۆلار و لەلای ئێمەشەوە لە بودجەی پەرەپێدان بڕی(٦) ملیۆن دۆلارمان بۆ تەرخانکرد، ئێستاش بەمەبەستی پەرەپێدانی زانکۆکە چەند هۆڵ و ژوورێکی وانە وتنەوە لە کۆلیژەکان دروست دەکرێت، گەرچی دەبێ ئەوەش بزانین کە هێشتا گرفت و تێبینی زۆرمان لەسەر زانکۆکە هەیە، تاکو بگاتە ئاستی زانکۆکانی دیکەی کوردستان.

## گەرمیان وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت

بڕیار وابوو گەرمیان وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئایا ئەمە جێبەجێکراوە ؛ کێشە و گرفتەکانتان لەمبارەیەوە چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی گۆڤاری گوڵان

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ووتی: لەساڵی٢٠٠٨ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕیارێك دەرچوو کە گەرمیان وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، گەرچی لە هیچ بوارێك و لە ئیدارەکردندا هەنگاوی لەم جۆرە نەنراوە و زۆر لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەرمیان سەر بە شاری سلێمانین و هەندێ بەڕێوەبەرایەتی هەر لە ناوچەکەدا بوونی نییە کەپێوەندی راستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە بۆ نموونە(بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ) کە لەمبارەوە خەڵکەکە بۆ بچووکترین مامەڵە دەبێ بچنە سلێمانی و لە بواری رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە کە دوو بوارە گەرمیان زۆر پێویستی پێیان هەیە تا بەڕێوەبەرایەتیەکی کارا و ئەکتیف بن.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی رێگاوبانەکانمان نییە لەمبوارەوە هەر لە بیرکراوین گەر سەیری رێگاوبانی گەرمیان بکەیت سەرسام دەبیت کە چەند بێسەروبەرە لە گەرمیان







بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەیە گەرچی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ سەر بە سلێمانییە، هەروەها شارەوانییەکان کە راستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی خەڵکەوەیە ئەمەش پێوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانییەوە هەیە، گەرچی پێویستە خۆمان بەڕێوەبەرایەتیەکی شارەوانی سەربەخۆمان هەبێت، ئەمەش وێستگەیەکی دیکەی دروست کردووە لە نێوان ئێمە و وەزارەتەوە بەمەش هەر موعامەلە و نووسراوێك کۆمەڵێك رۆتین و بەدواداچوونی دەوێت لە ئەنجامدا کارو پرۆژەکان دوادەکەوێت، لەلایەکی دیکە بودجەی پەرەپێدانی گەرمیان هەر لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانییەوە تەرخانکراوە، رێژەی بودجەکەی گەرمیان بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەی (١٢٪) ی بودجەی سلێمانییە، بەڵام بەپێی ئەو ژمارەکردن و ناونووسینەی لەم دوایە کراوە رێژەی ئێمە پترە و دەگاتە (٢٠٪) ی رێژەی بودجەی پەرەپێدانی سلێمانی، گەرچی ئەم رێژەیە رەچاونەکراوە، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ساڵێك بودجە نەهاتۆتە لای ئێمە، بەڵکو پارەکە هەر لەلای پارێزگای سلێمانی ماوەتەوە، تەنیا ئەوەیە لەلای ئێمەوە تەخمینکردن و کشوفات دەکەین و ڕەوانەی پارێزگای سلێمانی دەکەین هەر خۆشیان سەرپەرشتی و چاودێری جێبەجێکردنی کاروپرۆژەکان دەکەن و پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم ئەو بڕیارەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوو لیژنەیەکی بۆ دانرابوو،بەڵام نەیانتوانی حەسمی ئەوە بکەن کە ناوچەی گەرمیان مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ بکرێت.

## سەرەڕای کەمی بودجەی پەرەپێدان، هیچ جۆرە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانیش لە گەرمیان نییە

گرفتی بێکاری وەکو گرفتێکی ئابووری کە پەیوەندی بەژیانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاوە هەیە تەوەرێکی گرنگی دیدارەکەی گوڵان بوو لەگەڵ بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارەی ناوچەی گەرمیان، بەتایبەتی دوای دەستکەوتنی ئەو زانیارییانەی کە باس لەتەشەنەکردنی دیاردەی بێکاری دەکات، لەم رووەوە بەڕێزیان پێی وابوو :گەرمیان ژمارەی دانیشتووانی زۆرە و ناوچەیەکی وێرانکراو بووە و بەپێی پێویستیش دەستی ئاوەدانی نەگەیشتووتێ و بودجەی پەرەپێدانیشی کەمە،تاوەکو هاوکاری وهانی خەڵك بدرێت بۆ ئەوەی کاروپیشەی جۆراوجۆرلە ناوچەکەدا ئەنجام بدەن لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا کۆمپانیای وەبەرهێنەر و کەرتی تایبەت ڕوویان لە گەرمیان نەکردووە تاوەکو پرۆژە و کارگە دابمەزرێنن تا بەمەش هەلی کار بڕەخسێنن، حکومەت هاوکاری و پاڵپشتی ناوچەکەی نەکردووە بۆ ئەوەی کارگەی قووتووبەندی میوەجات و دۆشاوی تەماتە و شیرەمەنی و خشت و گەچ و... تاد. دابمەزرێت، چونکە وەکو باسمان کرد گەرمیان لە میوەجات و بەرووبوومی ئاژەڵ زۆر دەوڵەمەندە دەتوانرێت ئەمجۆرە کارگانە دابمەرزێت و هەلی کاریشی تێدا زیاتر دەبێت ..

## تەرخانکردنی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار، ژێرخانی خزمەتگوزاری گەرمیانی بووژاندەوە .

رێزدار نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەمدا بڕی(٢٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ گەرمیان تەرخانکرد، ئەمەش لەگرنگیدانی بەڕێزیانەوە دێت بۆ قوربانیدانی دانیشتوانی گەرمیان و چارەسەرکردنی هەندێك لەو گرفت و کێشانەی چەند ساڵێکە بەدەستییەوە گیرۆدە بوون، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەمبارەوە دەستخۆشی لە رێزدار نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ ئەو بودجەیەی کە تەرخانی کرد کە بۆتە بنەما و فاکتەرێکی سەرەکی و بەرچاو لە پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان، بەو پارەیە ژمارەیەکی زۆر و جۆراو جۆری خزمەتگوزاری ئەنجامدراون،ئەو بودجەیەمان بۆ چوار بوار دابەشکرد، بواری یەکەم دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەگەڵ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان

هەر کەسێک سەردانی قەیسەری کفری بکات کە شوێنەوارێکی نەتەوەییە، لەبەر خزمەت نەکردنی تووشی دڵتەنگی و بێزاری دەبێت

بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوەی هەندێ ناوچەی گەرمیان باشترە لەگۆپتەپەوە راستەوخۆ بۆری ئاوی خواردنەوە رابکێشرێت، بەڵام تا ئێستا رەزامەندی لەسەر ئەو داوایە نەدراوە

**گەرمیان تەنیا کێشەی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای نییە، بەڵکو کێشەی وێستگەی دابەشکردنیش هەیە**

بەم خانووانە، دووەم بوار دروستکردنی قوتابخانەیە و بواری سێیەم ئاودێری و ڕێگاوبانە و بواری چوارەم ئاوی خواردنەوەیە، لە بواری خانوودروستکردندا کەئێستا لە قۆناخی کۆتاییداین و بەمەش گرفتی نیشتەجێبوونی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەگەرمیاندا زۆر کەم دەبێتەوە و ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەمان دروستکرد بەمەش کێشە و گرفتی سێ دەوام و چوار دەوامی قوتابخانەکانمان بەتەواوی چارەسەرکردووە و ژمارەیەکی زۆر بیری ئیرتیوازیمان لە ناوچەکە لێداوە وتۆڕی ئاوی خواردنەوەمان بۆ بەشی زۆری ناوچەکە و گوندەکان ڕاکێشاوە و چەندین بەربەرست بۆ ئاودێری لە ژێر ئەنجامدانن و بەشێکیش ئامادەن بدرێنە بەڵێندەر،لەبواری ڕێگاوباندا هەر لەسەر حیسابی(٢٠٠) ملیۆنەکەدا پرۆژەی بەرچاو و بەسوودمان خستۆتە ژێر پلان و جێبەجێکردن بە نمونەلەو ڕێگاوبانانە ڕێگای کەلار- پەروێزخان و ڕێگای چەمچەماڵ- قادر کەرەم.

**لە(٩٠٠) گوند تەنیا (٢٠ تا ٣٠) گوند تۆڕی دابەشکردنی کارەبایی لە گەرمیان گەیشتۆتێ**

## قەیسەری کفری یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان، تا ئێستا پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و پلان و بەرنامەی بۆ دانەنراوە.

قەیسەری کفری شوێنەوارێکی دیار و بەنرخە بۆ گەلەکەمان، بەڵام بێسەروبەرە و گرنگی پێنەدراوە لەمبارەیەوە بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ووتی: لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان لێژنەیەك بۆ بەدواداچوون و نۆژەنکردنەوەی قەیسەرییەکەدانراو کار گەیشتە ئەوەی پارەی بۆ تەرخان بکرێت و کەشف و تەخمینی لەلایەن پارێزگای سلێمانی بۆ کرا و بڕیاربوو پرۆژەی نۆژەنکردنەوەکە جێبەجێ بکرێت و بڕی (٦ یاخود ٨) ملیارد دیناری بۆ دانرابوو، بەڵام ئەم پرۆژەیە ئەنجام نەدرا و هۆکارەکەشی نازانین چییە، بۆیە لە هەوڵداندابین بۆ زیندووکردنەوەی ئەم پرۆژەیە کە زۆر گرنگە چ بۆ گەرمیان چ بۆ کەلتوری نەتەوەییمان و لەلایەکی دیکە لە هەوڵی ئەوەشداین گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخراوی جیهانی بکەین کە تایبەتمەندن و گرنگی دەدەن بە شوێنەوار و کەلتووری میللەتان، بەتایبەتی دەمانەوێت گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنسکۆ بکەین بۆ ئەوەی قەیسەری کفری وەکو شوێنەوارێك بخرێتە تابلۆی شوێنەوارەکانی جیهانەوە، ئینجا دەتوانرێ کاروپرۆژەی باش و زیندوو بۆ قەیسەرییەکە ئەنجام بدەین، چونکە لە ڕاستیدا ئێستا سەیری ئەم شوێنەوارە گرنگە بکەیت دڵت دەتاسێت وپڕ ناخۆشی دەبێ..

**کێشە و گرفتی تەندروستی لە گەرمیان تەنیا نەبوونی نەخۆشخانە نییە، بەڵکو نەبوونی پزیشک و ئامێری پزیشکی و کارمەندی تەندروستیشە**

## کێشە و گرفتی کەمئاوی لەگەرمیان یەکێکە لەو گرفتانەی پێویستی بە پرۆژەی ستراتیژی هەیە.

کێشە و گرفتی کەمئاوی لەگەرمیان یەکێکە لەو گرفتانەی پێویستە کار و پرۆژەی بۆ بکرێت، بەتایبەتی لەم چەندساڵەی ڕابردوودا کە ناوچەکەو کوردستان ڕووبەڕووی وشکەساڵی بۆتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو کەمبوونەوەی شوێنەوارەکانی مەلا سەعید ووتی: گرفتی کەمئاوی لە ناوچەی گەرمیان پتر لە سنووری چەمچەماڵ و خودی ناو چەمچەماڵ و ناحیەی شۆڕش و سەنگاو هەیە، بۆ چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی کاتی لەو بۆریەی لە دوکانەوە ئاوی خواردنەوە بۆ شاری سلێمانی دەبات، بۆرییەکمان ڕاکێشاوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی هەمیشەیی داوامان کردووە کە لە گۆپتەپەوە ڕاستەوخۆ ئاوی خواردنەوە ڕاکێشرێتە سنووری چەمچەماڵ بۆ ئەم پرۆژەیە دەرخستە و کارکراوە و گەیشتۆتە ئەنجوومەنی وەزیران، چاوەڕوانی ڕەزامەندی دەربڕین و تەرخانکردنی بودجەکە دەکەین بۆ ئەوەی بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، چونکە ئەو بۆریە ئاوەی لە ئاوی سلێمانی بەشێوەیەکی کاتی ڕاکێشراوە کاریگەری لەسەر ڕێژەی ئاوی سلێمانی دروستکردووە و هەر کاتێك بیانەوێت هەقی خۆیانە بۆری ئاوەکە لێ بکەنەوە، چونکە شاری سلێمانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە فراوانبووندایە و هەر ئێستا کێشەی کەمئاوی لەوێش سەری هەڵداوە.



## گەرمیان جگەلەوەی پێویستی بەوێستگەیەکی بەرهەمهێنانە، پێویستی بە وێستگەیەکی دابەشکردنی کارەباشە

بەو پێیەی پلەی گەرما لە گەرمیان زۆر بەرزە بۆیە لەهەموو ناوچەکانی تری کوردستان زیاتر پێویستییان بەپێدانی کارەبای زیاتر هەیە، لەلایەکی تریشەوە خاوەنی ژێرخانێکی باشی کارەبا نییە سەبارەت بە کێشەی کارەبا لە گەرمیان و ئایا گوندەکان کارەبایان بۆ دابینکراوە؟ بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەڵێت:

دیارە کێشەی کارەبا لە هەموو کوردستان و عێراق هەیە، بەڵام کێشەکە لەلای ئێمە زۆر زیاترە و داوامان لە وەزارەتی کارەبا کردووە کە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا دابمەزرێنن، چونکە ناوچەکە بە بەرهەمی نەوتیش دەوڵەمەندە، بەتایبەتی لە سنووری کفری و کەلار کە دەتوانرێ سووتەمەنی بۆ دابین بکرێت و وەزارەتی کارەباش چاوەڕوانی ئەوە دەکەن پارەیان دەستکەوێت و دەست بکەن بەئەنجامدانی پرۆژەکە، ئەم وێستگەیە گرفتی کارەبا لە سنوورەکە چارەسەر دەکات، ماوەیەك پێش ئێستا لە قەزا و ناحیەکان نزیکەی(٢٠) کاتژمێر کارەبا هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم ڕێژەیە دابەزیوە و کەمبۆتەوە، چونکە وێستگەکانی هەولێر و چەمچەماڵ گرفتیان هەیە بۆیە پشت دەبەستین بە وێستگەی دوکان و دەربەندیخان ئێمە جگە لەمە کێشەی وێستگەی دابەشکردنی کارەباشمان هەیە، ئەگەر هاتوو کارەباشمان بە بەردەوامی هەبێت و(١٣٢) شی بۆ بێت لەبەرگرفتی وێستگەی دابەشکردنەکە بچووکە ناتوانێ زاڵبێت بەسەر دابەشکردنی کارەبایەکە،بۆیە گرفت و کەمی کارەبا بۆتە کێشەیەك و لە هەندێ شوێن خەڵکی بێزارکردووە.

بۆ گوندەکانی سنوورەکەمان بۆ هەندێکیان مولیدەمان داناوە،بەڵام ئەم مووەلیدانەش گرفتی زۆرە هەر لەدابینکردنی سووتەمەنی تا لە کارکەوتنی .

بەمەش نەتوانراوە کارەبا بەپێی پێویست بۆیان دابین بکرێت و لەم ماوەیەدا (٢٠ تا ٣٠) گوند تۆڕی کارەبامان بۆ بردووە،لەم هەڵمەتەش بەردەام دەبین بۆ گوندەکانی دیکەش بە گشتی کێشە کارەبا لە سنوورەکەمان هەیە وگرفتێکی ئاڵۆزە.

### ژمارەی پزیشک لە گەرمیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمترە و لەشاری کفریش پزیشکی ئافرەت نییە

تەوەرێکی دیکەی راپۆرتەکەمان سەبارەت بەگرفت و کێشەی خراپی بواری تەندروستی بوو، بەتایبەت کەمی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە گەرمیان کەبەپێی پێویست نییە و پزیشك و ئامێری پزیشکی و داوودەرمان لە ئاستێکی نزمدایە،

سەرپەشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەمبارەیەوە گووتی: ئێمە

**کاتێک پزیشکێ دادەمەزرێت و رەوانەی گەرمیانی دەکەن پاش ماوەیەک بە واسیتە و خزم و خزمانێ دەگوازرێتەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی دیکە و لە گەرمیان نامێنێت**

**تەنیا نەخشەی بنەڕەتی بۆ کەلار ئەنجامدراوە ئەویش تەسدیق نەکراوە چونکە ژمارەیەک گرفت و کێشەی لەگەڵ خۆی دروستکردووە**







**ئەو باڵەخانە حکومیانەی لە گەرمیان دروست دەکرێن بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری وەرزش و لاوان، فەرمانبەریان بۆ دابین ناکرێت، باڵەخانە هەیە پتر لە دوو ملیارد دیناری تێچووە بەبێ سوود ماوەتەوە**

له بواری تەندروستی کێشە و گرفتمان لە هەموو پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی کوردستان پترە، هەر بۆ نموونە کاتێك یەکێك تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ دەبێت و یا پێویستی بە نەشتەرگەرییە ئەوە بەهیچ جۆرێك چارەسەری لەلای خۆمان نییە، تا دەگەیەنرێتە سلێمانی ماوەیەکی دەوێت، زۆرجار لەم ماوەیەدا نەخۆشەکە گیانی لە دەست دەدا یا بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەوە چەندین جار ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەکە تووشی کارەساتی دڵتەزێن بووە و لە ئەنجامدا هەموو سەرنشینەکان و شۆفێرەکەش مردوون، بۆیە لێرەدا دەڵێم کەلار ناوەندێکی گەورەیە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ هەیە، سەرەڕای ئەوەی بنکەی تەندروستیمان بۆ چەندین گووند دروست کردووە.

هەروەها لە باوەنور نەخۆشخانەیەکمان هەیە، بەڵام پێویستی بە پزیشك و پێداویستی و ئامێری پزیشکی و داوودەرمان هەیە و لە کفری نەخۆشخانە هەیە بەڵام بەبێ پزیشك چۆن نەخۆش چارەسەر و پشکنینی بۆ دەکرێت و لەلایەکی دیکە گرفتێکی زۆر گەورە لە کفری هەیە، ئەویش نەبوونی پزیشکی ئافرەتە، بەگشتی لەکەلار و شوێنەکانی دیکەی گەرمیان ژمارەی دکتۆرەکان لە ژمارەی پەنجەکان کەمترە و ناتوانن هەموو جۆرە نەشتەرگەرییەك ئەنجام بدەن.

داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە و شەخسی لەگەڵ بەرێز وەزیری تەندروستی قسەمان کردووە کە لە دامەزراندن و دابەشکردنی پزیشك و کارمەندی تەندروستی ڕەچاوی گەرمیان بکەن وەکو پارێزگاکانی دیکە سەیری بکەن، چونکە لە کاتێك پزیشك بۆ ئێمە ڕەوانە دەکەن پاش هەفتەیەك دوو هەفتە گرنگ ئەوەیە پاش ماوەیەك بەواسیتە و خزم خزمانێ خۆی دەگوازێتەوە و گەرمیان بەجێدەهێڵێ بۆیە دەڵێم کێشە و گرفتی تەندروستی گەورەیە و کێشەیەکی سەرەکی ناوچەکەمانە..

**ڕێگەوبانەکانی گەرمیان بەکەڵکی هاتوچۆ نایەن و زۆر بێ سەروبەرن**

## نەخشەیی بنەڕەتی بۆ هەموو شاروشارۆچکە و ناوچەیەک پێویستە و ڕێگانیشاندەرە بۆ گەشەکردن وگەورەبوونێکی هاوچەرخ و مۆدێرن

بۆ قەزا و ناحیەکانی گەرمیان نەخشەیی بنەڕەتی کە بنەمای گەشەکردن و گەورە بوونە بەشێوەیەکی زانستی و دروست دانەرێژراوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرنامەو پلانی داهاتووی گەشەی شارو قەزاو ناحیەکان دەبێت،لەمبارەوە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان وتی: تەنیا نەخشەی بنەڕەتی بۆ شاری کەلار ئەنجامدراوە، بەڵام تەسدیق نەکراوە، چونکە ئەمەش ژمارەیەك کێش و گرفتی دروستکرد، لەبەرئەوەی ئەو کەس و لایەنەی بە کارەکە هەستابوون لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومی بەتایبەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و شارەوانییەکان قسەیان نەکردبوو لە ئەنجامدا زۆر کەموکوڕی تێدا هەبوو، بۆیە ئەم نەخشەی بنەڕەتییە بەهەند وەرنەگیراو شارۆچکەکانی دیکە نەك کاری لەمجۆرەیان بۆ نەکراوە، بەڵکو قسە و دەنگۆی لەمبارەوەش لە ئارادا نییە، گەرچی دەزانین نەخشەی بنەڕەتی بۆ هەموو شاروشارۆچکە و ناوچەیەك پێویستە و بۆ گەشەکردن و تێڕوانینی ورد و زانستی ڕێگانیشاندەرە..

## لەگەرمیان گرنگی بە بەرنامەو سەنتەری ئافرەتان نەدراوە

گەرمیانییەکان خاوەنی خەباتی و قوربانییەکی زۆرن،لەمڕوانگەیەوە ئافرەتە گەرمیانییەکان دوو هێندە شوێنەواری جینۆسایدو وێرانبوونی ناوچەکەیان پێوە دیارە، بەتایبەت لەبواری لاوان و وەرزشوانە ئافرەتەکان،مەلا سەعیدپێی ڕاگەیاندین :لە بواری وەرزش و لاوان گفتوگۆیان لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری و لاوان کردووە، پرۆژەی وەرزش و گەنجانیشیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئیدارەی گەرمیان بەدەستییەوە دەناڵێنێت ئەو باڵەخانە حکومیانەیە کە بۆ ئەم بوارانە دروست دەکرێت، فەرمانبەریان بۆ دانامەزرێنن، باڵەخانە هەیە بە ملیارد دیناری تێچووە گەرچی بە چۆڵ و بەتاڵ ماوەتەوە و سوودی لێوەرنەگیراوە. حکومەت هیچ بەرنامەیەکی نییە تاوەکو بۆ ئەم بوار و سەنتەرانە فەرمانبەر و پاسەوان دابنێت، لەم جۆرە شوێنانەمان لە شاری کەلار و کفری و چەمچەماڵ هەیە، سەنتەرێکی دیکەمان لە کەلار هەیە بڕی پتر لە دوو ملیارد دیناری تێدا خەرجکراوە بۆ پێشخستنی داهێنان و پیشەیە، ئەمە هەروا ماوەتەوە حکومەت بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەم گرفتانە چارەسەربکات دەبێ بزانێت گرفتەکان پێوەندی ڕاستەوخۆی بەخودی وەزارەتەکانەوە هەیە کە چۆن بودجە تەرخان دەکات و ماوەی کارکردن بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە دیار دەکات .

ئاواش بودجە بۆ کەلوپەل و پێداویستییەکانی دابین بکەن و میلاکاتەکانیش دابنێن و ئەم گرفت و کەموکوڕییە لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری لەگەرمیان بوونی هەیە.





**لە هەموو گەرمیاندا سایلۆیەک نییە تا بەروبومی دانەوێڵەی جووتیاران وەربگرێت بۆیە بە ناچاری بەروبووم ڕەوانەی دوبز دەکرێت**



لــە بـــارەی سەنتەری ژنانەوە تا ئێستا هیچ جۆرە پرۆژە و بیرۆکەیەك نەخراوەتەڕوو، یەکێکە لەو بوارانەی گرینگی پێنەدراوە.

## لە گەرمیان لە هەندی شوێن جێبی واز جێگای تاکسی گرتۆتەوە

لە گەرمیان بە گشتی ژمارەیەکی زۆر جێبی (واز) بەرچاو دەکەوێت ئەم ژمارەیە بۆ سروشتی ناوچەکە و ئارەزووی خەڵکەکە دەگەڕێتەوە، تەنانەت قسەی خۆشیش لەسەر ئەم جێبانە هەبوو لەوانە دەڵێن ئەوەی جێبی وازی نەبێت ژنی نادەنێ . یاخود کاتێك لەشەڕی ئێران –عێراقدا فرۆکەیەکی ئێرانی دێت لەناوچەکە بۆردومان بکات بەڵام نایکات و تەنیا وێنەی ئەو هەموو جێبە وازە دەگرێت، کاتێك دەگەڕێتەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت پێی دەڵێن تۆ بەهەڵە چوویتە ڕوسیاوە ئەمە کەی عێراقە. سەبارەت بە بوونی ئەو هەموو جێبە وازانە بەڕێز مەلا سەعید سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان گووتی: بەڵێ لە گەرمیان ژمارەیەکی زۆر لەم جێبانە هەیە،بەڵام چەندساڵێك لەمەوبەرپێتربوو، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی خەڵکەکە بۆ هاتووچۆکردن و کاروکاسبی بەکاری دەهێنن چونکە توانایەکی بەهێزی هەیە و خەرجی کەمی دەوێت و نزیکی هەندێ لە شوێنەکانی گەرمیان لە سنوور پتر ئەو جێبانەی زیادکردبوو و ڕێگاوبانی ناوچەکە زۆر خراپ و دژوارە ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە لە گەرمیان بەتایبەتی لە کەلار و کفری تاکسی نییە بەڵکو هاتووچۆی خەڵکەکەپتر بەم جێبانە دەکرێت، بەڵام ماوەیەکە ڕێژەی جێبەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن بەتایبەتی لە شاری کەلاردا بە تاك تاك بەرچاو دەکەوێت.

**دروست کردنی چەند عەلوەیەک بۆ گەرمیان جووتیاران هاندەدات زیاتر گرنگی بە میوەجات بدەن**